Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.SpA.3

# کاریگەری سیستەمەکانی هەڵبژاردن لەسەر پێگەی پارتە سیاسیەکان لە ئەنجومەنەکانی نوێنەران
## ( توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکارییە)

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Aram Najmadeen Abdulghafoor
arambradosty@khec.krd

**ئارام نجم الدين عبدالغفور/** بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی هەولێر لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان

RECEIVED :27/04/2025
ACCEPTED :03/06/ 2025
PUBLISHED :15/02/ 2026

**وشە سەرەکییەکان:**
سیستەمەکانی هەڵبژاردن،
نوێنەرایەتی ڕێژەی،
زۆرینە،
هاوپەیمانی سیاسی،
جێگیربونی حکومەت

**پوختە**

سیستەمەکانی هەڵبژاردن کاریگەری زۆر دەبینن لەسەر پێگەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان ( ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پەڕلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی پارێزگاکان)، ئەم سیستەمانە بە بڕبڕەی پشتی هەر هەڵبژاردنێک دادەنرێن، بۆیە پێشنیارکردن و پەسەندکردنیان لە چوارچیوەی یاساکانی هەڵبژاردن کارێکی زۆر هەستیار و ورد و گرنگە. بونی هەر یەکێک لەم سیستەمانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە بە پێی بارودۆخە مێژووی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، لە وڵاتە پێشکەوتوەکان تا ئەندازەیەکی زۆر ئەم سیستەمانە جێگیربونیان بەخۆیەوە بینیوە ئینجا هەر یەکێکان بێت و هاوبەشەکانی پڕۆسەی هەڵبژاردن لەگەڵی ڕاهاتوون و پەیوەستی یەکتربون، بەڵام لەو وڵاتانەی لە قۆناغی ڕاگوزەرن سیستەمەکانی هەڵبژاردن جێگیرنین و گۆڕانکاریی بەردەوامیان بەسەردا دێت، ئەو گۆڕانکارییە سەردەکێشێت بۆ ناجێگیری دەرهاویشتەی پڕۆسەکانی هەڵبژاردن وە بە پێچەوانەشەوە.

عێراقی دوای (٢٠٠٣) یەکێکە لەو وڵاتانەی ناجێگیری سیستەمی هەڵبژاردنی بەخۆیەوە بینیوە، یاسادانەری عێراقی لە ماوەی بیست ساڵدا پێنج یاسای هەڵبژاردنی دەرکردووە، ئەم یاسایانە شەش هەمواریان بەخۆیەوە بینیوە، ئینجا لەوەی پەیوەندی بە سیستەمی هەڵبژاردنەوە هەبێت یاخود پەیوەندیان بە بازنەکانەوە هەبێت، یان پەیوەست بووبن بە لیستی دەنگدانەوە، ئەم گۆڕانکاری و هەموارەی سیستەمەکان و بازنەکانی هەڵبژاردن و لیستەکان بە پلەی یەکەم کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر پێگەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان، هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن بە تاییبەت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێگەیانی لاواز کردووە بەرامبەر بە پێگەی پارتە سیاسیەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق، ئەو کاریگەرییە بە هەمان شێوە لە پەڕلەمانی کوردستان بەدی دەکرێت بەڵام بە ئەندازەی کەمتر بەهۆی کەمتر گۆڕین لە سیستەمەکانی هەڵبژاردن لە لایەک و تێگەیشتنی پارتەکانی کوردستان بۆ پێکەوە ژیانی فرەی لە لایەکی تر.

هەروەها ئەگەر سەیری دەستوری عێراق بکەین دەبینین بۆ هەر سەدهەزار کەسێک کورسیەکی ئەنجومەنی نوێنەرانی دیاریکردووە ( دەستوری عێراق، ٢٠٠٥، م. ٤٩/أ)، وە لامان ڕوونە لە ڕێکەوتی ( ٢٠، ٢١/ ١١/ ٢٠٢٤) سەرژمێری گشتی لە عێراق ئەنجامدرا، بۆیە بە دڵنیایەوە لە خولەکانی داهاتوو گۆڕانکاری لە کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکرێت و داتاکانی ئەو سەرژمێریە دەبنە بنەما، لەبەرئەوە دەبینین بە هەمان شێوە گۆڕانکاری لە کورسیەکانی ئەنجومەن کاریگەری دەبێت لەسەر پێگەی پارتەکانی کوردستان بە تاییبەت لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی:**

دەستنیشانکردنی سیستەمی هەڵبژاردن تەنیا میکانیزمێک نیە بۆ دیاریکردنی براوەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردن، بەڵکو کاریگەریەکەی سەردەکێشێ بۆ سەر رەفتاری دەنگەران و دابەشکردنی کورسیەکان و رێژەوی پێشبڕکێ و جۆرایەتی دادپەروەری لە نوێنەرایەتی پارتی سیاسی و ستراتیژیەکەیان و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها کاریگەری دروست دەکات لەسەر رادەی جێگیربونی حکومەت و سروشتی ژیان و نەخشەی سیاسی، لە هەمان کاتدا ئەنجامەکانی هەڵبژاردن زۆرکات کاریگەری دروست دەکەن لەسەر هەموارکردنی سیستەمەکانی هەڵبژاردن بە تایبەت کاتێ پارتە خاوەن هەژمونەکان دەبینن سیستەمی پەیرەوکراو لە هەڵبژاردن لە بەرژەوەندیان نیە یاخود گوزارشت لە هاوسەنگی سیاسی ناکات.

لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە دوای کەوتنی رژێمی رابردوو ( ٩/ ٤/ ٢٠٠٣) چەندین هەڵبژاردن بەرێوەچون، زۆر بە دەگمەن دوو خولی یەک بەدوای یەک بەدوای یەک سیستەمێکی هەڵبژاردن پیادەکراوە، ئینجا سیستەمی ئاڵۆیری دەنگبێت بۆ کورسی یاخود بازنەکانی هەڵبژاردن بن یان جۆری لیستی دەنگدان بێت، ئەمە ئەوە دەگەینێت تا ئەندازەیەکی تەواو سیستەمی هەڵبژاردن و رێساکانی پەیوەست بە بازنەکان و لیستەکانی هەڵبژاردن لە ناجێگیربونێکی بەردەوامدان، بە بروای ئێمە هۆکاری ئەو ناجێگیریە دەگەرێتەوە بۆ نەبونی بەدواداچون و خوێندنەوەیەکی بابەتی و بێلایەنی ورد لە لایەن یاسادانەر بۆ بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکان و سیاسیەکان و ئابورییەکان، بەشێک لە سیستەمەکان لە بەرژەوەندی هەندێ هاوپەیمانی و قەوارەی دیاریکراون و لە بەرژەوەندی بەشێکی تریان نین، ناکرێت یاسادانەر لە کاتی دانانی سیستەم بیر لە بەرژەوەندی کۆمەڵێک هاوپەیمانی و پارتی سیاسی بکاتەوە بەڵکو پێویستە بیر لە بەرژەوەندی گشتی بکاتەوە کار لەسەر پیادەکردنی سیستەمێک بکات ولات بەرەو جێگیربون و پتەوبون ببات لە برێ پەرتەوازەی و لێکترازان، بۆیە ئێمە دوای خستنەرووی ئەو سیستەمانەی لە عێراق و کوردستان پیادەکراون شیکردنەوەیان بۆ دەکەین و بە وەرگرتنی داتایی چەند هەڵبژاردنێک بە کرداری دەیانخەینەروو بۆ ئەوەی بزانین کام سیستەم زیاتر لە بەرژەوەندی هەرێمە تاکو بتوانین لە داهاتوودا سودی لێببینین.

**گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لەم خاڵانەی خوارەوە:

1- خوێندنەوە بۆ سیستەمەکانی هەڵبژاردن کە پیادەکراون لە عێراق و هەرێمی کوردستان لەو هەڵبژاردنانەی کە پارتەکانی کوردستان بەشداریان تێداکردووە لەوەی پەیوەندی بە کاریگەری ئەو سیستەمانە هەیە لە گۆرانکاری لە پێگە و باری پارتە سیاسیەکان، پاڵپشت بە داتای ورد و دروست دەمانەوێت ئەوە دەربخەین سیستەمێکی هەڵبژاردن جێگیربکرێت کە کاریگەری ئەرێنی هەبێت لەسەر رەفتاری دەنگدەر، هەمەرەنگی نوێنەرایەتی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان، هاوسەنگی سیاسی، پێکهێنانی حکومەت لە وادەی خۆی و پاراستنی لە لێکترازان و هەڵوەشانەوە.

2- بەدواداچون بۆ پێگەی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان لە ئەگەری زیادکردنی کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پاڵپشت بە دەستوری عێراق (٢٠٠٥) و داتاکانی پرۆسەی سەرژمێری گشتی کە لە ( ٢٠-٢٠٢٤/١١/٢٢) لە ولات ئەنجامدرا، بۆ ئەوەی بزانرێت چ کاریگەریەک لەسەر قەبارە و هێزی پارتە کوردستانیەکان دروست دەکات بە بەراورد بە پارتەکانی تر لە ناوەراست و باشوری عێراق لە ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدراڵ.

**کێشەی توێژینەوە**

کێشەی توێژینەوەکەمان بە پرسیارێکی گشتی دەستپێدەکات، ئەویش ئەوەیە چۆن سیستەمی هەڵبژاردن دەرهاویشتەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن دیاریدەکات؟ وە ئەو دەرهاویشتانە چ رۆڵێک دەبینن لە گۆرین و هەموارکردنی سیستەمەکان؟ وە ئەو هۆکارانە چین کە هاندەرن بۆ گۆرینی سیستەمەکانی هەڵبژاردن؟ لە هەمان کاتدا پرسیار دەکەین:

- ئایا کامە سیستەمی هەڵبژاردن دەرفەت دەرەخسێنن بۆ پارتەکان بۆ بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمان؟ لە هەمان کاتدا تا چەند هاوکارە بۆ هێنانەکایەوەی فرەی پارتی ؟
- ئایا ئەم سیستەمانە هاوکارن بۆ جێگیربونی حکومەت و بارودۆخە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان؟ یاخود بە پێچەوانەوە لێکترازان و دووبەرەکی دروستدەکەن؟
- ئایا زیادبونی کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هاوکێشەی پەیوەندیەکانی پەیوەست بە پێگەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان بەرەو چ ئاراستەیەک دەبات؟

**گریمانەی توێژینەوە**

سیستەمەکانی هەڵبژاردن وەک گۆڕاوێک تەنیا کاریگەریان نابێت لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە ڕێگەی دیاریکردنی میکانیزمی دابەشکردنی کورسیەکان و نوێنەرایەتی پارتەکان، بەڵکو ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش وەک کارتێکەرێک کاریگەریان دەبێت لەسەر گۆڕین و هەموارکردنی سیستەمەکانی هەڵبژاردن وەک وەڵامێک بۆ گۆڕانکاری سیاسی و داواکردنی نوێنەرایەتی دادپەروەرانە، وە پیادەکردنی بەردەوامی سیاسەت و بەرنامەی گۆڕینی سیستەمەکانی هەڵبژاردن لە عێراق و هەرێمی کوردستان کاریگەری دروستدەکات لەسەر پێگەی پارتەکان لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان، بۆیە لە چوارچێوەی گریمانەی توێژینەوەکەمان دەپرسین ئایا کامە جۆری سیستەمەکانی هەڵبژاردن ( زۆرینە، ڕێژەی، تێکەڵاو) ڕۆڵیان دەبێت لە دیاریکردنی چەندێتی نوێنەرایەتی سیاسی، فرە پارتی و بەشداریکردنی پارتەکان لە سەنتەری دەرکردنی بڕیاری سیاسی؟ لە هەمان کاتدا کامەیان کاریگەری زۆرە لە دروستکردنی کێشەی جێگیربون و ناجێگیربونی حکومەت؟.

**ڕێچکەی توێژینەوە:**

لە توێژینەوەکەمان پشتمان بەستوە بە:

1- ڕێبازی وەسفی شیکاری: بۆ وەسفکردن و شیکارکردنی سیستەمە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردن، هەروەها کاریگەریان لەسەر قەوارە سیاسیەکان لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان و حکومەت پاڵپشت بە شیکردنەوەی دەقە دەستوری و یاساییەکان لە لایەک و داتاکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن لە لایەکی تر وەک میکانیزمەکانی کۆکردنەوەی زانیاری.

2- ڕێبازی بەراوردکاری: بە مەبەستی بەراوردکردن لە نێوان سیستەمە بەکارهاتوەکان لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو بە وەرگرتنی داتای جیاواز و دەرخستنی کاریگەری ئەو سیستەمانە لەسەر پێگەی پارتە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان.

3- ڕێبازی پراکتیکی: بە پشتبەستن بە داتایی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤/١٠/٢٠) و خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق ( ٢٠٢٣/١٢/١٨) و جێبەجێکردنی لەسەر سیستەمەکانی هەڵبژاردن.

**سنوری توێژینەوە:**

- سنوری کاتی و شوێنی: باسکردنی کاریگەری سیستەمەکانی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی گشتی لەسەر پێگەی پارتە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان لە ئەنجومەنەکانی نوێنەران لە دوای پرۆسەی رزگاری عێراق ( ٢٠٠٥/٤/٩) تاکو دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ( ٢٠/ ١٠/ ٢٠٢٤).
- سنوری بابەتی: توێژەر تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی سیستەمەکانی هەڵبژاردن لەگەڵ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، ئایا پەیوەندیەکە چۆن دەبێت و دەرهاویشتەکانی چی دەبن ؟

**پلانی توێژیەوە:**

پەیکەری توێژینەوەکەمان بە شێوەی دیجیتاڵی دابەشکردووە بۆ سێ بەش، لە بەشی یەکەم باس لە سیستەمەکانی

هەڵبژاردن دەکەین لە دوو داواکاری، داواکاری یەکەم باس لەو سیستەمانەی هەڵبژاردن دەکەین کە دەنگ ئاڵوێر دەکەن بۆ کورسی پەرلەمانی، لە داواکاری دووەم باس لە ڕێکارەکانی پەیوەست بە بازنەکان و لیستەکانی هەڵبژاردن دەکەین لەگەڵ ناساندنیان، هەرچی بەشی دووەمە باس لە جێبەجێکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەکەین لەسەر سیستەمەکان لە چوارچێوەی چوار داواکاریدا، لە داواکاری یەکەم باس لە کاریگەری سیستەمەکانی هەڵبژاردن دەکەین لەسەر پێگەی پارتە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان، وە لە داواکاری دووەم باس لە هەمان کاریگەری دەکەین لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەروەها لە داواکاری سێیەم باس لەو کاریگەرییە دەکەین لە ناوچەکانی کێشە لەسەرەکان، لە داواکاری چوارەم باس لە کاریگەری هاوپەیمانی دەکەین لەسەر چارەنوسی کەرکوک لە هەڵبژاردنی داهاتوو. هەرجی بەشی سێیەمە، تەرخانمان کردووە بۆ باسکردن لە کاریگەری بازنەکان و لیستەکانی هەڵبژاردن لەسەر پێگەی پارتەکان، لە داواکاری یەکەمی ئەو بەشە باس لە کاریگەری بازنەکان و لیستەکانی هەڵبژاردن دەکەین لە پەرلەمانی کوردستان، وە لە داواکاری دووەمدا باس لەو کاریگەرییە دەکەین لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەروەها لە داواکاری سێیەم و کۆتایی باس لەو کاریگەرییە دەکەین دوای سەرژمێری گشتی دانیشتوان عێراق ( ٢٠-٢٢/ ١١/ ٢٠٢٤).

**١-ناساندنی سیستەمەکان و لیستەکان و بازنەکانی هەڵبژاردن**

هەریەکێک لە سیستەمەکان و لیستەکان و بازنەکانی هەڵبژاردن ناساندنی تایبەت بە خۆیی هەیە، هەرچەند توێژەران لەسەریان نوسیوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بابەتەکە پەیوەندی بە توێژینەوەکەمانەوە هەیە بۆیە بە پێویستی دەزانین ناساندنێکی پوخت بخەینە ڕوو دەربارەی هەر یەکێک لەو زاراوانە کە ئاماژەمان پێی کردووە بەبێ ئەوەی بە درێژی لەسەریان بدوێین چونکە جەوهەری توێژینەوەی ئێمە نیە، بە تایبەت ئەوانەی لە عێراق و هەرێمی کوردستان جێبەجێکراون، ئینجا باس لە کاریگەرییەکانیان دەکەین:

**١-١- سیستەمەکانی هەڵبژاردن**

مەبەست لە سیستەمەکانی هەڵبژاردن بریتین لەو سیستەمانەی هەڵبژاردن کە ئاڵوێڕی دەنگ دەکەن بۆ کورسی لە ئەنجومەنەکانی نوێنەاران، لە هەمان کاتدا لە یاساکانی هەڵبژاردن دوو بابەتی تر لە تەک سیستەمەکانی هەڵبژاردن گرنگیان هەیە ئەوانیش لیستەکانی هەڵبژاردنن کە لە شێوەی پسولەی دەنگدان دەخرێنە بەردەم دەنگدەر لەگەڵ بازنەکانی هەڵبژاردن کە سنورێکی جوگرافی دیاریکراوە کاندید تییایدا خۆی هەڵدەبژێرێت، بێگومان سیستەمەکان و بازنەکان و لیستەکانی هەڵبژاردن کاریگەریان هەیە لە سەر گۆڕینی بەرکەوتەی قەوارە سیاسیەکان لە کورسیەکانیان لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی وەک ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگاکان، چونکە ئەگەر سیستەمەکە زۆرینەبێت جیاوازی دەبێت لەگەڵ ئەوەی سیستەمە نوێنەرایەتی ڕێژەی بێت، هەروەها ئەگەر لیستی هەڵبژاردن داخراو بێت ئەنجامەکان جیاوازدەبن وەک لەوەی کراوەبێت، بە هەمان شێوە ئەگەر یەک بازنە بێت بەرکەوتەی پارتەکان وەک ئەوە نابێت کە هەرێمەکە فرەبازنە بێت. (Baldini & Bappalardo, 2009, p 17 )

لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە کاتی ئێستا سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی پیادەدەکرێت وەک سیستەمی ئاڵوێری دەنگ بۆ کورسی، بەڵام بە شێوازی جیاواز، لە هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەارن و ئەنجومەنی پارێزگاکانی فیدراڵ شێوازی سانتلیغۆی سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی پیادەدەکرێت، هەرچی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستانە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی – دەرکردنی تێکرای هەڵبژاردن پیادەدەکرێت. هەرەوها تەنها لە هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدراڵ سیستەمی تاک دەنگی نەگوێزراوە پیادەکرا ( ئەنجومەنی نوێنەران، ٢٠٢٠، ٩، مادەی ١٥ )، هەندێ سیستەمی تر هەیە لە عێراق و هەرێمی کوردستان جێبەجێ ناکرێن بەهۆی ئەوەی ناگونجێن لەگەڵ بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی، لەبەرئەوە بە گشتی باسی سیستەمە باوەکان دەکەین کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان پیادەکراون، لە هەمان کاتدا گرنگی بە لایەنی کردەیی و جێبەجێکاری دەدەین لەسەر ئەو سیستەمانە پاڵپشت بە داتای هەڵبژاردن بۆ ئەوەی بزانین تا چەند گۆڕانکاری لە پێگە و کاریگەری پارتە سیاسیەکان دروست دەکات.

له سیستەمەکانی هەڵبژاردن ئەمڕۆ له وڵاتانی جیهان زیاتر سیستەمی زۆرینه و سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی پیاده دەکرێت دواتر سیستەمی تێکەڵاو، بۆ نمونه ( ٧٩) وڵات سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی بەکاردێنن، ( ٥٣) وڵات سیستەمی زۆرینەی براوەی یەکەم بەکاردێنن، وه (٣١) وڵات سیستەمی تێکەڵاوی هاوتەریب بەکاردێنن. ( جمال، ڕ و محمد، د. ٢٠١٤، لا ١٠٢).

### ١-١-١- سیستەمی زۆرینه

ئەو سیستەمەی دەنگدانه که بەگوێرەیەوه ئەو لیسته سەرجەم کورسیەکان مسۆگەر دەکات یاخود ئەو کاندیده دەردەچێت که زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوه، ئەم سیستەمه له لایەک دەگونجێت لەگەڵ شێوازی دەنگدانی تاک لەبەرئەوەی ئەو پاڵێوراوەی زۆرترین دەنگی هێناوه دەردەچێت، له لایەکی تر دەگونجێت لەگەڵ شێوازی دەنگدان به لیست چونکه ئەو لیسته دەبێته خاوەنی سەرجەم کورسیەکانی بازنەی هەڵبژاردن که زۆرترین دەنگی هێناوه. ( الصبري، 1986،ص 138 و الشاوي، 2007، ص 137).

یەکێ له لایەنه نەرێنیەکانی ئەو سیستەمه ئەوەیه ڕێگره لەبەردەم دروستبونی فرەپارتی به تایبەت ئەو پارتانەی خاوەنی دەنگی کەمن ناتوانن کورسی پەرلەمانی مسۆگەر بکەن، هەروها ئەو سیستەمه هاوکارنیه بۆ هێنانەدی دادپەروەری نوێنەرایەتی به تایبەت کاتێک لیستی داخراو پەیڕەو دەکرێت، بۆ نمونه له هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا له ساڵی (١٩٥٤) پارتی دیموکرات (٩٣٪) کورسیەکانی برد به (٥٨٪) ی دەنگەکان، بەڵام پارتی کۆماری (٣٥٪) دەنگەکانی هێنابوو کەچی تەنیا (٥،٥٪) کورسیەکانی برد ( الشاوي، 2007، ص 138).

ئەو سیستەمه دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر، سیستەمی زۆرینەی یەک خول، هەروەها سیستەمی زۆرینەی دووخول، له جۆری یەکەمیان لیست یاخود پاڵێوراو سەردەکەوێت ئەگەر توانی دەنگی زیاتر بهێنێت له لیست یاخود کاندیدەکانی تر تەنانەت ئەگەر هاتوو دەنگی سەرجەم لیست یاخود کاندیده دەرنەچوەکان زیاتر بێت لەو لیسته یاخود ئەو کاندیدەی زۆرترین دەنگی هێناوه، هەر لەبەر ئەوەیه پێی دەگوترێت زۆرینەی ساده یاخود زۆرینەی ڕێژەی. له کاتی ئێستادا ئەم سیستەمه له بەریتانیا پیادەدەکرێت. بەڵام مەبەست له سیستەمی زۆرینەی دووخول ئەوەیه لیست یاخود کاندیدی دەرچوو دەبێت ڕێژەیەک له دەنگ بەدەست بێنێت له قۆناغی یەکەم بۆ ئەوەی دەربچێت بۆ نمونه زیاتر له نیوەی دەنگەکان که هەندێ له یاساناسان دەڵێن نیوه کۆ یەک یاخود زۆرینەی ڕەها، بەڵام ئەگەر لیست یاخود کاندید نەیتوانی ئەو ڕێژەیه له دەنگ بەدەستبهێنێت ئەوه دەچێته قۆناغی دووەم، لەو قۆناغه هەر لیستێک یاخود کاندیدێک زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت دەبێته براوه، قۆناغی دوو خولی زیاتر بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پیادەدەکرێت بۆ نمونه سەرۆکی هەریەک له وڵاتانی وەک تورکیا، ئێران به شێوەی ڕاستەوخۆ، وه عێراق به شێوەی ناڕاستەوخۆ پاڵپشت بەو سیستەمه هەڵدەبژێردرێن، له هەمان کاتدا بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەارن له چەند وڵاتێک پیادەدەکرێت وەک ئوکرانیا، فەڕەنسا. ئەم سیستەمه هاوکاره بۆ فرە پاڵێواراوی و فرە لیستی به تایبەت بۆ ئەوانەی ئارەزووی پێشبرکێی هەڵبژاردن دەکەن له قۆناغی یەکەم، زۆرجار هانی ئەو پارتانه دەدات که لەڕووی ئایدۆلۆژی و بەرنامەوه لەیەک نزیکن هاوپەیمانی پێکبهێنن بۆ ئەوەی به بەهێزی له هەڵبژاردن دەربکەون و زۆرینه بەدەستبهێنن ( اندرو رينولدز والاخرون، ٢٠٠٧، ص ٢٢٦ و هاني الحوراني والأخرون، 1995، 77).

ئەم سیستەمه له هەرێمی کوردستان پیادەنەکراوه، لێرەدا پرسیارێک دێتەکایەوه، ئایا هۆکار چیه ئەم سیستەمه لەم هەرێمه پیادەنەکراوه؟ بۆچی له کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوی وەک ئەمریکا یاخود بەریتانیا پیادەدەکرێت بەڵام له هەرێمی کوردستان پیادەناکرێت؟ وه ئەگەر گریمان ئەم سیستەمه جێبەجێدەکرێت چ کاریگەری و گۆڕانکاریەک دروست دەکات؟ له ڕاستیدا ئەم بابەته له سەرچاوەکان باسنەکراوه، بۆیه وەک توێژەرێک وای بۆ دەچم که سیستەمەکانی هەڵبژاردن تا ئەندازەیەکی زۆر پەیوەندیەکی بەهێزیان هەیه لەگەڵ مێژوو، کولتور، لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری هەر کۆمەڵگایەک، لەوانەیه سیستەمێک له وڵاتێک هاوکاربێت بۆ جێگیربونی سیستەمی فەرمانڕەوایی بەڵام هەمان سیستەم بۆ وڵاتێکی تر هاوکار نەبێت و ئەگەر جێبەجێبکرێت کێشەی زۆر دروست بکات، له هەمان کاتدا پارت ئامرازه بۆ زۆر

مەبەست لەوانە گەیشتن بە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی فەرمانڕەوای، بڵاوکردنەوەی وشیاری و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری هاوڵاتیان و کارکردن لەسەر بەدەستهێنانی مافەکانیان، بۆیە ئەگەر لە وڵاتێک هاوڵاتیەکانی سەرجەم مافەکانیان بۆ دابینکرابێت و جیاکاری ڕەگەزی لە نێوانیان نەبێت و ئامانجی فەرمانڕەوایی هاتبێتەدی و هاوڵاتی دڵنیابێت لە بونی سیستەمێکی ژیان کە مافەکانی دابینکردووە  هەر جۆرە سیستەمێکی هەڵبژاردن پیادەبکرێت کیشەی گەورە دروست ناکات، بەڵام لە وڵاتێک کە دیموکراسی جێگیرنەبێت و هەمیشە  هەست بە مەترسی بکرێت بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان و بەهۆی جیاکاری ڕەگەزی لە ژێر ستەمدابن پێویستە سیستەمێکی هەڵبژاردن پیادەبکرێت بتوانرێت هاوکار و هۆکاربێت بۆ هێنانەدی و پاراستنی مافەکانیان، بێگومان لەو بارەدا دەبێت سیستەمێک بێت کە زیاتر فرەی پارتی دروست بکات بۆ ئەوەی پارێزگاری بکات لە هێشتنەوەی دەستەڵات لە دەستی زۆرینەیەک کە پارتێک بە تەنیا یاخود دوو پارت بەڕێوەی دەبەن، هاوکارترین سیستەم بۆ هێنادی ئەو مەبەستە سیستەمە ڕێژەیەکانە نەک سیستەمی زۆرینە، بۆیە ئەو دەستپێشخەریەی یاسادانەری کوردستان بە گرنگ دەبینم کە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی بۆ هەرێمی کوردستان دارشتووە ( پەرلەمانی کوردستان، ١٩٩٢،  ١، مادەی ٣٦) بە ئامانجی هێنانەدی فرەی سیاسی کە لە ئەنجامدا سەردەکێشێت بۆ پێکەوەژیانی ئاینی و نەتەوەی، لە هەمان کاتدا هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی ( ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یاسای ژمارە ١٦، مادەی ١٧) بە بەرز دەنرخێنین لە پەسەندکردن و پیادەکردنی سیستەمەکانی نوێنەرایەتی ڕێژەی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان.

**١-١-٢- سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی**

ئەم سیستەمە پیادەکرا بە تایبەت بۆ پێدانی دەرفەتی زیاتر بە پارتە سیاسیەکان بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری لە پێکهێنانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان بکەن، سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی پاڵپشت بە بنەمای سەروەری گەل هاتۆتە کایەوە، بەهۆی ئەوەی ویستی باڵا بۆ نەتەوەیە، کەسایەتی واتایی هەیە، نەتەوەیە بریکارنامە دەداتە پەرلەمان، کەواتە پەرلەمان دەبێت تێکەڵاویەکی گەورەی پارتە سیاسیەکان بن بۆ ئەوەی بتوانن نوێنەرایەتی ویستی باڵای گەل بکەن، ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت پەرلەمان بریکارنامەی گەل لە دەستدەدات، بۆیە ناکرێت پاڵپشت بە زۆرینەکی کەم، کەمینەیەکی زۆر پشتگوێ بخرێن – مەبەست ئەو زۆرینە سادەیەیە کە بە ڕێژەی (٣٠٪) حکومەت پێکدەهێنێت لە کاتێکدا سەرجەم پارتەکانی تر پێکەوە (٧٠٪) هێناوە ( الصبری، ١٩٨٦، ١٤٦).

بە گوێرەی ئەو سیستەمەی دەنگدانەوە هەر پارتێک بە ئەندازەی ئەو دەنگانەی بە دەستی هێناوە کورسی پەرلەمانی بەدەست دەهێنێت، سەرەتا لەو پارتەی خاوەنی زۆرترین دەنگی دەنگدەرانەوە دەستپێدەکات تاکو ئەو پارتەی بەو ئەندازەیە دەنگی هێناوە کە یەک کورسی پەرلەمانی مسۆگەر دەکات بە پشت بەستن بە تێکڕای بەهێز یاخود ماوەی بەهێز. لەم سیستەمەدا دەکرێت هەرێمی هەڵبژاردن بەسەر یەک بازنە یاخود چەندین بازنەی هەڵبژاردن دابەشبکرێت، بە گوێرەی ئەم سیستەمە دەنگە دروستەکانی سەرجەم قەوارە سیاسیەکان و کاندیدە سەربەخۆکان کۆدەکرێتەوە و دابەشی ژمارەی کورسیەکانی بازنەی هەڵبژاردن دەکرێت بۆ دەرخستنی نرخی کورسی، پاشان دەنگی دروستی هەر پارتێکی سیاسی دابەشی نرخی کورسی دەکرێت و بەرکەوتەی هەر پارتێکی سیاسی دەردەهێنرێت ( خامۆش، ٢٠١٦، لا ١٩٥).

بێگومان لەم سیستەمە سەرجەم کورسیەکان لە هاوکێشەی سەرەوە دابەش نابن بەسەر پارتە سیاسیەکان، بەڵکو چەند کورسیەک دەمێننەوە، ئەو کورسیانە لە ڕێگەی بەهێزترین ماوە دابەش دەکرێنەوە بەسەر قەوارە سیاسیەکان ئینجا کورسیان بەدەستهێنابێت یاخود کورسیان بەدەست نەهێنابێت، بەڵام بۆ ئەوەی دەرفەتی زیاتر بۆ فرەی نوێنەرایەتی دروستببێت باشتر وایە کورسیە ماوەکان تەنها بەسەر ئەو پارت و هاوپەیمانانە دابەشبکرێت کە کورسیان بەدەستنەهێناوە ( چەتۆ، دیمانە، ٢٠٢٥).

ئەم سیستەمە بە هەمان شێوەی سیستەمی زۆرینە لە لایەن یاساناسانەوە ڕەخنەی لێگیراوە، بۆ نمونە ( اسمان) یەکێک بووە زۆر بە توندی دژایەتی ئەم سیستەمەی کردووە، چونکە پێی وایە حکومەتی هەڵبژێردراو حکومەتی زۆرینەیە، ئەو حکومەتە بە درێژای وەرزی یاسادانان پشت دەبەستێت بە ویستی زۆرینەی دەنگدەران، ئەگەر وا دابنێین دەنگدەران

ئەنجومەنێکن لە دەستەیەک، زۆرینەی ئەو دەنگدەرانە مافی دیاریکردنی نوێنەرانیان و وەزیرەکانیان هەیە هەروەک لە حکومەتی ڕاستەوخۆ ئەو مافەیان هەیە، کەواتە بۆچی سیستەمی زۆرینە جێبەجێنەکرێت کە بە گوێرەیەوە پارتی خاوەن زۆرینە حکومەتێکی جێگیری بەهێز پێکدەهێنن؟ بۆیە (اسمان) پێی وایە نەک تەنها بۆ پێکهێنانی حکومەت و جێگیربونەکەی، بەڵکو بۆ دەرکردنی یاسا پێویستە ئەو زۆرینەیە ڕۆڵ ببینێت کە بە گوێرەی سیستەمی زۆرینە پێکدەهێنرێن.( سید صبری، ١٩٨٦، لا ١٤٣ لە توێژینەوەی اسمان وەرگیراوە) .

لە هەرێمی کوردستان هەر لە خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستانەوە، یاسادانەری کوردستانی ئەم سیستەمەی دارشتووە و لە سەرجەم هەڵبژاردنەکان پیادەکراوە ( پەرلەمانی کوردستان، ١٩٩٢، یاسای ژمارە ١/ مادەی ٣٦) ، بە پێچەوانەی یاسادانەری عێراقی کە لە هەڵبژاردنەکانی ( ٣٠/ ١/ ٢٠٠٥) ئەنجومەنی نیشتمانی سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی ( هیر) پیادەکرا ( فەرمانی ٩٦، ٢٠٠٤، مادەی ٣)، بە هەمان شێوە لە هەڵبژاردنەکانی خولی یەکەم ( ٢٠٠٥/١٢/١٥) و دووەمی ( ٢٠١٠/٣/٨) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەم سیستەمە پیادەکرا ( ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق، ٢٠٠٥، ١٦، مادەی ١٦).

دوو سیستەمی تر هەن بەشێکی زۆری شارەزایانی بواری هەڵبژاردن بە بەشێک لە سیستەمەکانی کۆمەڵەی نوێنەرایەتی ڕێژەی دایاندەنێن بەهۆی ئەوەی لە شیکردنەوە و دەرهاویشتنی ئەنجامەکان لە یەک دەچن ( ڕەشید، دیمانە، ٢٠٢٥)، ئەوانیش:

**١-١-٢-١- سیستەمی سانتلگو Saint – Lague**

مەبەست لەم سیستەمە دابەشکردنی کۆی دەنگە دروستەکانی پارتێکی سیاسی بەشداربوی پرۆسەی هەڵبژاردنە بەسەر ژمارە تاکەکانی وەک (١، ٣، ٥، ٧، ٩، ١١، ١٣، ١٥ .......) دواتر بە ئەندازەی کورسیەکانی ئەو بازنەیە ژمارەکان هەڵدەبژێردرێن لە گەورەترین ژمارە تاکو دەگاتە بچوکترین ژمارە کە بەهۆیەوە ژمارەی کورسیەکانی بازنەی هەڵبژاردن تەواودەبن، ئیتر بەم شێوەیە تاکو دەگەینە کەمترین نرخی کورسی کە دەبێتە پشکی یەکێک لە پارتەکان، بەڵام ئەم سیستەمە چەندین جار هەموارکراوەتەوە، سەرەتا بوە ( ١.٤ ، ٣ ، ٥، ......) واتە تەنها ژمارەی (١) هەموارکراو و ژمارەکانی تر وەک خۆیان مانەوە، ئەم سیستەمە بە هەموارەوە لە عێراق بەکارهات بۆ یەکەمجار لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ساڵی (٢٠١٠)، بەڵام دواتر لە لایەن یاسادانەری عێراقی گۆڕانکاری تری بەسەرداهاتوو بەم شێوەیە دارێژرایەوە ( ١.٧ ، ٣ ، ٥، ......)، هەر لەبەر ئەوە لە عێراق بەم سیستەمە دەگوترێت سیستەمی سانتلیگۆی هەموارکراوی عێراقی ( عبدوسعد، 2005، ص 249).

**١-١-٢-٢- سیستەمی هۆندێنت**

سیستەمی هۆندێنت یەکێکە لە سیستەمە بەکارهاتوەکان، بە گوێرەیەوە دەنگی دروستی پارتەکان دابەشی ژمارە سروشتیەکان دەکرێت ( ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ........) بە گوێرەی ژمارەی لیستەکانی هەڵبژاردن، دواتر ئەو ژمارانەی لە ئەنجامی دابەشکردنەکە دەردەچن ڕیزیان دەکەینەوە لە ژمارە گەورەوە بۆ بچوک تاکو بە گوێرەی ژمارەی کورسیەکان ژمارەکان هەڵدەبژێرین، بۆ نمونە ئەگەر بازنەی هەڵبژاردن (٣) کورسی بێت ئەوا (٣) ژمارەی گەورە هەڵدەبژێرین ئینجا لەوانەیە ئەو سێ ژمارە گەورەیە هی یەک پارت بن یاخود دوو پارت یاخود سێ پارت، وە بچوکترین ژمارە کە کورسسی کۆتایی یەکلادەکاتەوە لەجیاتی تێکرای هەڵبژاردنە ( زین الدین، 2013، ص 84).

**١-١-٣- سیستەمی تێکەڵاو**

سیستەمە تێکەڵەکان جۆرێکی تایبەتی سیستەمی هەڵبژاردن نین کە خەسڵەتیان لە سیستەمەکانی پێشوو جیاوازبێت، بەڵکو ئەو سیستەمانە تێکەڵاوێکن لە خەسڵەتەکانی هەردوو سیستەمی ( ڕێژەی و زۆرینە) پێک دێنن. هەندێ دەوڵەت بە سود وەرگرتن لە لایەنە پۆزەتیفەکانی هەردوو سیستەمی زۆرینە و ڕێژەی وە بۆ خۆ دوورگرتن لە لایەنە نەرێنیەکان، هەوڵیان داوە سیستەمی نوێ دابهێنن ( حسن ٢٠٠٧، ێ ٥٦). ئێمە وەک پێشتر ئاماژەمان پێیکردووە نامانەوێت باسی

سیستەمەکانی تێکەڵاو بکەین لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

1 -ئەو سیستەمانە لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ڕابردوو پیادەنەکراون.

2 -جێبەجێکردنی داتای هەڵبژاردن لەسەر ئەو سیستەمانە ئاسان نیە ئاڵۆزە، چونکە بەشێک لەو سیستەمانە جگە لە بازنەکانی هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەکان بازنەی نیشتمانیان هەیە، بەهۆی ئەوەی لە عێراق ئەو بازنەیە نەبوە و دەنگدەر لەسەر ئەو شێوازە دەنگی نەداوە داتای بەردەست نیە لایەنی جێبەجێکاری ئەنجام بدەین.

3 -لە کێشە و گرنگی توێژینەوەکەمان دەردەچین و ئامانجەکانمان ناپێکین و دەبێتەهۆی درێژبابەتی توێژینەوەکەمان.

### ١-١-٤- سیستەمی تاک دەنگی نەگوێزراوە

بە گوێرەی ئەو سیستەمە هەر دەنگدەرێک دەتوانێت دەنگ بدات تەنها بە پاڵێوراوێک، ئەو پاڵێوراوانەی زۆرترین دەنگدەهێنن دەتوانن کورسی پەرلەمانی مسۆگەر بکەن، ئەو سیستەمە زیاتر گونجاوە بۆ بازنەی مامناوەند هەم لە ڕووی پاڵێواراو هەم لە ڕووی قەبارەوە ئەمە وایکردووە لەگەڵ سیستەمی براوەی یەکەم جیابکرێتەوە کە تەنها بازنەکە یەک پاڵێواراوی لەخۆ گرتووە و ئەوە سەردەکەوێت کە زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە. ( اسماعیل، ، لا ٤٤٢)

ئەم سیستەمە بەوە دەناسرێتەوە کە دەرفەت دەدات بە دروستبونی نوێنەرایەتی پارتە بچوکەکان بە بەراورد بە سیستەمەکانی زۆرینە، بە تایبەت لەو بازنانەی خاوەنی دەنگدەرێکی زۆرن، لە هەمان کاتدا دەرفەت دەدات بە پاڵێوراوە سەربەخۆکان بتوانن کورسی مسۆگەر بکەن، هەروەک لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕێگەی ئەو سیستەمە ( 43) پاڵێواراو توانیان کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنن لە کۆی (٧٨٩) پاڵێواراوی سەربەخۆ (https://ihec.iq/the-results-of-the-parliament-elections-2021/) ، بەلام لە کوردستان سەربەخۆکان شکستیان خوارد و دەنگیان نەهێنا و نەیانتوانی ببنە ڕکابەر و مەترسی بۆ کاندیدی پارتەکان، (٢١) کاندید وەک سەربەخۆ بەشداریان کرد و هەموویان پێکەوە ( ٢٦٢١٦) دەنگیان هێنا، تەنانەت هەندێکیان پێشتر ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بوون و زۆر لە میدیاکان دەردەکەوتن و هەڵمەتی هەڵبژاردنی بەهێزیان بەڕێوەبرد، هەندێکی تریان عەشیرەت و بنەماڵەی لەپشت بوو، کەچی دەرکەوت لە کوردستان دەنگدەر متمانەی بە کاندیدی سەربەخۆ نیە و کاندیدی پارتەکانی دەوێت ( خەرماڵی، لا ١٤١، ٢٠٢٢)، لایەنی نەرێنی ئەو سیستەمە ئەوەیە ئەو پاڵێواراوانەی ناتوانن بگەنە کورسی پەرلەمانی دەنگەکانیان بەفیڕۆ دەڕوات و سودی لێنابینرێت. ( البرزنجي، 2021، ص 196)

ئەم سیستەمە یەکەمجارە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق جێبەجێدەکرێت، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکردنی عێراق بۆ سەر ئاستی بازنەی بچوک کە ئەویش یەکجار بوو عێراق بەسەر ( ٨٣) بازنە دابەشبکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت جۆرێک لە گونجاندن لە نێوان ئەم سیستەمە فرە بازنەی بچوک دروستبکرێت.

### ١-٢- ناساندنی بازنەکانی هەڵبژاردن

کاتێ ئێمە ورد دەبینەوە لە تیشک خستنە سەر پێناسەکانی بازنەکانی هەڵبژاردن، بۆمان دەردەکەوێت کە چەند پێناسەیەک خراونەتە ڕوو بۆ بازنەکانی هەڵبژاردن. بەشێوەیەک هەندێ لە نوسەران وا پێناسەی بازنەی هەڵبژاردنیان کردووە کە بریتیە لە یەکەیەکی هەڵبژاردن دیاریدەکرێت و دانیشتوانی کە ناویان لە تۆماری دەنگدەران هەیە هەڵدەستن بە هەڵبژاردنی نوێنەرانیان بۆ ئەنجومەنەکانی نوێنەران ( حسن، ٢٠٠٧، ٨٣) ، هەروەها پێناسەیەکی تر هەیە وای بۆ دەچێت کە بازنەی هەڵبژاردن چوارچێوەیەکە بە دەروازەی پرۆسەی هەڵبژاردن دادەنرێت و لە کۆتاییدا بەرەو ئالوێرکردن دەبێت بۆ ئەندامێتی نوێنەرایەتیکردن. ( الشقاني، ٢٠٠٥، ێ ١٢٤)، هەروەها پێناسیەکی تر وای بۆ دەچێت بازنەی هەڵبژاردن بەشێکە لە هەرێمی وڵات، ڕووبەرەکەی کەم بێت یاخود زۆر، کاندید یاخود زیاتر لە کاندیدێک لەخۆ دەگرێت بە مەبەستی هەڵبژاردنی لە لایەن دەنگدەرانەوە ( الشاوي، ١٩٨٣، لا ١٧٠).

توێژینەوەیەکی ئامر ( کە ئاماژەی پێکراوە لە نوسینی جمال الدين ٢٠١٣،ل.٩) پێناسەی بازنەی هەڵبژاردن دەکات کە بریتیە لە دابەشکردنی هەرێمی وڵاتە بۆ بازنەیەک یاخود چەند بازنەیەکی سیاسی تیایدا دەنگدەران پیادەی مافی

هەڵبژاردن دەکەن بۆ هەڵبژاردنی کاندیدەکان وە مافی ئەوەیان نیە کە بپەڕنەوە بۆ بازنەیەکی تری هەڵبژاردن.
بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین مەبەست لە بازنەکانی هەڵبژاردن دیاریکردنی شوێنێکی نیشتەجێی دانیشتوانە بە پشت بەستن بە سیستمی کارگێڕی یاخود ژمارەی دانیشتوان یاخود ژمارەی هەرێمەکان، وڵات دابەشی چەندین بازنەی هەڵبژاردن دەکرێت و هەر بازنەیەکی جوگرافی بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی کورسی بۆ دیاریدەکرێت وە ڕەچاوی پێکهاتەکان و نوێنەرایەتی ئافرەتان دەکرێت تیایدا دەنگدەرەکانی مافی خۆپالاوتن و دەنگدانیان پێدەدرێت.
دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن دەوەستێتە سەر ژمارە و قەبارە و سنوری بازنەکانی هەڵبژاردن، وە بازنەی هەڵبژاردن بە یەکێک لە ناوچەکانی پرۆسەی دەنگدان دادەنرێت لەگەڵ بونی ژمارەیەک کورسی کە پێشتر بۆی دیاریکراوە، بازنەکانی هەڵبژاردن کاریگەری زۆری هەیە لەسەر پاکی پرۆسەی هەڵبژاردن، لەهەمان کاتدا ڕێزی بنەمای ( یەک کەس، یەک دەنگ) دەگیرێت، وە دەبێت دابەشکردنەکە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بێت دوربێت لە پەراوێزخستنی هەر پێکهاتە و چین و توێژ و ڕەنگێک یاخود دوربێت لە دەستەبەری و مسۆگەرکردنی کورسی بۆ لایەنێک یان کەسێکی دیاریکراو. ( ئەسیٰ ٢٠١٩، دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن)
لە ڕاستیدا بیرۆکەی ئینتمایی نیشتمانی و تێکەڵاوبون لە نێوان پێکهاتە و ناوچە جیاوازەکان پاڵنەرە بۆ پیادەکردنی پرسی نوێنەرایەتی نیشتمانی گشتگیر بە شێوەیەک ئەندامی پەرلەمان نوێنەری سەرجەم پێکهاتەکان و ناوچەکان بێت نەک نوێنەری ناوچەیەکی دیاریکراو، لە هەمان کاتدا ئەو پاڵێوراوەی سەردەکەوێت لە ئەنجامی ڕێکەوتنێکی نیشتمانی بووە کە ڕەوایی زیاتر دەبەخشێت بو دەستەڵاتەکانی نوێنەری هەڵبژێردراو، ئەم لێکدانەوەیە پاڵپشتە بۆ پیادەکردنی یەک بازنەی لەسەر ئاستی وڵات، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و پرسی دیموکراسی و نوێنەرایەتی زۆرینەی وڵاتان لەکاتی ئێستا بەرەوە بازنەی بچوک دەڕۆن، قەبارەی بازنەی هەڵبژاردن و ژمارەی نوێنەران لە بازنە دوو دەستەواژەی ڕاستەوانەن، واتە هەرچەند بازنەی هەڵبژاردن بجوکبێت ژمارەی نوێنەران کەمتر دەبێت، بە پێچوانەوە بازنەی گەورە ژمارەی نوێنەری زیاتر لەخۆدەگرێت، لە هەمان کاتدا لە هەندێ کات و شوێن بازنەی بچوک پەیوەست دەبێت لەگەڵ سیستەمی هەڵبژاردنی بەکارهاتوو، بۆ نمونە لە زۆرینەی بازنە بچوکە یەک پاڵێواراوەکان سیستەمی زۆرینە بەکاردێت.
وە پێویستە ماوە ماوە پێداچونەوە بە سنورەکانی بازنەکانی هەڵبژاردن بکرێت، بە گوێرەی زیادبون و کەمبونی ژمارەی دانیشتوان گۆڕانکاری لە گەورەکردن و بچوکردنەوە یاخود زیادکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن بکرێت. ( عبدوسعد، 2005، ص 168 و الباز، 1992، ص 436 و مریوان، 2021، 132)
پرسی بازنەکانی هەڵبژاردن لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا پرسێکی گرنگە بەهۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پەیوەندی نێوان دەنگدەر و کاندید لەلایەک وە لە لایەکی تر پەیوەندی بە پیادەکردنی دەرفەتی گەیشتن بە کورسی پەرلەمانی بۆ زۆرینەی قەوارە سیاسیەکان لە ڕێگەی بە یەکسانی دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن و پشت بەستن بە پێوەری دادپەروەرانە وە دورکەوتنەوە لەو پێوەرانەی دەبنەهۆی ستەمکردن لە پێکهاتەیەکی کۆمەلایەتی یاخود پێکهاتەیەکی نەتەوەی یان ئاینی یان ڕەگەزی دیاریکراو، بۆ نمونە لە ڕابردوو لە زۆر وڵاتانی بەناوبانگی جیهان وەک وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن تاکو نزیکەی نیوەی سەدەی ڕابردوو لەسەر بنەمای دادپەروەری نەبوو، ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی ستەمێکی زۆر بەرامبەر هاوڵاتیە ڕەشپێستەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بکرێت، بەڵام بە پشت بەستن بە پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژارن لەم قۆناغەدا زۆرینەی وڵاتانی جیهان پەنایان بردۆتە بەر دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن بۆ سەر چەندین بازنەی هەڵبژاردن، بۆ نمونە وڵاتی عێراق یەکێک بوو لەو وڵاتانەی لە سەرەتادا لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی وڵات ( ٢٠٠٥/١/٣٠) یەک بازنەی هەڵبژاردن بوو، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ساڵانی ( ٢٠٠٥/١٢/١٥، ٢٠٠٩، ٢٠١٤، ٢٠١٨) عێراق (١٨) بازنەی هەڵبژاردن بوو بەشێوەیەک بە پشت بەستن بە بنەمای یەکەی کارگێڕی پارێزگا هەر پارێزگایەک کراوەتە بازنەی هەڵبژاردن و بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی کورسی پەرلەمانی بۆ دیاریکراوە، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەران (٢٠٢١/١٠/١٠) وڵات کرایە (٨٣) بازنەی هەڵبژاردن و کۆتای ئافرەت بووە پێوەر بۆ دیاریکردنی بازنەکان، چونکە دەبێت (٢٥%) ئەنجومەن ئافرەت بن بە پێی دەستور ( دەستوری عێراق، ٢٠٠٥، مادەی ٤٩/چوارەم) بە شێوەیەک لە هەر بازنەیەک کورسیەک

تەرخان کرا بۆ کۆتایی ئافرەت و ئەو ڕێژەیە دەستوریەی مسۆگەرکرد، وە لەسەر ئاستی پێکهاتەکان بۆ پێکهاتەی مەسیحی ( ٥) کورسی دانراوە دابەشکراوە بەسەر پارێزگاکانی ( هەولێر، نەینەوا، بەغداد، کەرکوک، دهۆک) وە بۆ هەریەک لە پێکهاتەکانی ( ئێزدی لە نەینەوا، شەبەک لە نەینەو، فەیلی لە واست، سابیئە لە بەغداد) کورسیەکی پەرلەمانی دیاریکراوە. ( عبدالغفور، ٢٠١٩، ێ ١٦٧ ).

**١-٣- ناساندنی لیستەکانی هەڵبژاردن**

لە ڕاستیدا ئێمە چەندین جۆری لیستەکانی هەڵبژاردنمان هەیە کە بەکاردەهێنرێن لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی دەنگدەر بتوانێت لە ڕێگەیانەوە ئەو کیانە سیاسیە یاخود ئەو کاندیدە هەڵبژێرێت کە خۆی مەبەستیەتی، بۆیە لێرەدا تیشک دەخەینە سەر چەند لیستێکی باوی بەکارهاتوو لەو وڵاتانەی کە پرۆسەی هەڵبژاردنیان بە شێوەیەکی خولی تێدا پیادە دەکرێت وەک لیستی داخراو، نیمچەکراوە، کراوەی تەواو .

**١-٣-١- لیستی تاک**

ئەم لیستە بە گشتی لەو وڵاتانە پیادەدەکرێت کە پشتدەبەستن بە بازنەی زۆر بچوک، وە هەر بازنەیەک یەک پاڵێوراوی بۆ دانراوە، لێرەدا هەڵبژاردنەکە بە هەڵبژاردنێکی تاکەکەسی دەناسرێت چونکە بازنەکان یەک پاڵێوراو لەخۆ دەگرن و دەنگدەر تەنها یەک دەنگ دەدات. بێگومان پێشبرکێ لە نێوان چەندین پاڵێوراو دەکرێت بەڵام ئەو پاڵیوراوە سەردەکەوێت کە زۆرترین دەنگی هێناوە، ئەم جۆرە لیستە زۆر هاوکارە بۆ دەرفەت دان بە پاڵێوراوە سەربەخۆکان، چونکە لەم جۆرەدا دەکرێت پاڵێوراوەکە سەربەخۆبێت لە هەمان کاتدا دەکرێت سەر بە قەوارەیەکی سیاسی بێت و وەک تاک خۆی بپاڵێوێت. ( رینولدز، ٢٠٠٧، ص ٧٢)

هەڵبژاردن بە لیستی تاک چەندین خاسیەتی هەیە کە لە هەڵبژاردن بە لیست بە تەنها جیای دەکاتەوە، دەنگدان بە تاک دووپاتی پەیوەندیەکی کەسی بەهێز دەکاتەوە لە نێوان دەنگدەر و ئەو پاڵیوراو کە هەڵیدەبژێرێت، چونکە پاڵێوراوەکە لە رووی کەسیەوە لە لایەن دەنگدەرەوە ناسراوە و لەسەر ئەو بنەمایە دەنگی پێدەدات، بەڵام هەڵبژاردن بە لیستی قەوارە دووپات لە پەیوەندی نێوان دەنگدەر و قەوارەکە دەکاتەوە، دەنگدەر ئەگەری هەیە نەزانێت کێ پاڵێوراوە لەو لیستە بە تایبەت لە لیستی داخراو، بەڵام دەنگ بۆ بەرنامە و پرۆگرامی پارتەکەی دەدات. هەروەها یەکێ لە خاسیەتەکانی تری ئەوەیە کاتێک پارتێک پاڵپشت بەم سیستەمە زۆرینە بەدەستدەهێنێت ئەو حکومەتەی پێکی دەهێنێت حکومەتێکی بەهێز و جێگیر دەبێت، لە هەمان کاتدا ئوپۆزسیۆنێکی پتەو لە ناو پەرلەمان دروستدەکات( بسیونی، ١٩٨٥، ص ٢٦١)

**١-٣-٢- هەڵبژاردن لە ڕێگەی لیست**

کاتێک هەڵبژاردن بە لیست ئەنجامەدرێت، پێشبرکێی قەوارە سیاسیەکان گەرم و گوڕتر دەبێت، چونکە لە جیاتی پاڵێوراو پارتەکان دەبنە چەقی هەڵبژاردن لە دیدی دەنگدەرەوە، دەنگدەر تیشکی زیاتر دەخاتە سەر بەرنامە و دیدگایی پارتەکان، وە تیشکخستنە سەر قەوارە بە پێی جۆری لیستی هەڵبژاردن دەگۆرێت، ئایا لیستەکە داخراوە یاخود نیمچەکراوەیە یاخود کراوەی تەواوە ؟

لیستی داخراو پسولەیەکە لە پرۆسەکانی هەلبژاردن پشتی پێدەبەسترێت، لە لیستی داخراو ناوی کاندیدەکان لە خۆ ناگرێت بەڵکو تەنها ناوی کیانە سیاسیەکە لە خۆ دەگرێت بەڵام ناوی کاندیدەکان ڕەوانەی لایەنی کارگێڕی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردن کراون وە پەسەندکراون، ئەو لایەنە بە گوێرەی دەنگە بەدەست هاتوەکان کە دواتر دەگۆردرێن بۆ کورسی پەرلەمانی ناوی کاندیدەکان بە ڕیزبەندی ڕادەگەینێت بە گوێرەی ئەو لیستەی پێشتر لە لایەن قەوارە سیاسیەکە بۆی ڕەوانە کراوە وە پەسەندی کردوون، لێرەدا سیستەمەکانی هەڵبژاردن پەیوەندیان لەگەل لیستەکانی هەڵبژاردن هەیە، بۆ نمونە لە سیستەمی زۆرینە ئەو لیستە داخراوە سەردەکەوێت لە پرۆسەی هەڵبژاردن کە زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێناوە، بەڵام لە سیستەمی ڕێژەییدا هەر لیستێکی داخراوی قەوارەی سیاسی بە گوێرەی

دەنگەکان کە بەدەستی هێناوە کورسی پەرلەمانی بەدەست دەهێنێت.
بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین دەنگدەر لەم جۆرە لیستەدا دەنگ دەدات بە تەواوی پاڵێوراوانی لیستێک بە بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێک لە ناو و ژمارەی پاڵێوراوان یان زنجیرەی ناوەکانی لیستەکەدا بکات، لە لیستی کراوەی تەواودا دەنگدەر بۆی هەیە لیستێکی تایبەت لەو پاڵێوراوانە دروست بکات کە لە سەرجەم لیستی پارتەکاندا هەڵیدەبژێرێت و دەیەوێت دەنگیان بداتێ، بە مەرجێک ژمارەی پاڵێوراوانی لیستەکەی زیاتر نەبێت لە ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆ نوێنەرایەتی ئەو بازنەیە دیاریکراوە. ( حەسەن، ٢٠٠٧، لا ٢٥).
پیادەکردنی ئەو جۆرە لیستە ئازادیەکی زۆر دەخاتە بەردەستی دەنگدەرەوە بۆ ئەوەی لە جیاتی قەوارەسیاسیەکان و بە ئارەزووی خۆی لیستێک دروست بکات و دەنگ بە نوێنەرە جیاوازەکان بدات لە لیستە جۆراوجۆرەکان، بەڵام لە ڕووی کردەییەوە ئەم لیستە ئالۆزی زۆری تێدایە بۆ دەنگدەر، چونکە دەنگدەر دەبێت بۆ هەر قەوارەیەکی سیاسی دەنگ بدات وە بۆ هەر نوێنەرێکیش دەنگ بدات ئەمەش زۆر جار دەبێتە هۆی سەر لێشێواندنی دەنگدەر، سەرەڕای ئەوە کاتێکی زۆری دەوێت تاکو دەنگدەر لە کابینەی دەنگدان لیستێک دروست دەکات ئەمەش وا دەکات پرۆسەی هەڵبژاردن بە خاوی بەڕێوە بچێت، بۆیە ئەو دەوڵەتانەی پیادەی ئەم جۆرە لیستە دەکەن ژمارەکەیان بەرەو کەمبونەوە ڕۆیشتوە.
هەرچی لیستی نیمچەکراوەیە دەنگدەر تەنها یەکێک لە لیستی پاڵێوراوان هەڵدەبژێرێت وەک شێوەی لیستی داخراو، بەڵام دەتوانێت زنجیرەی ناوی پاڵێوراوانی ئەو لیستە بگۆڕێت کە دەنگی پێ دەدات، واتە بۆی نیە ناوی نوێ بۆ لیستەکە دابنێت یان ناوی لێ بگۆڕێت، بەڵام دەتوانێت ڕیزبەندی ناوەکان بگۆڕێت( حەسەن، ٢٠٠٧، لا ٢٥).
لێرەدا دەنگدەر سەرەڕای هەڵبژاردنی ئەو قەوارە سیاسیەی کە خۆی دەیەوێت دەنگی پێبدات دەتوانێت دەنگ بە کاندیدێک لە کاندیدەکان بدات، بەڵام پرسی هەڵبژاردنی کاندید پرسێکی ئارەزوومەندانەیە، واتە دەنگدەر دەتوانێت دەنگ تەنها بە قەوارە سیاسیەکە بدات، لێرەدا لە هەڵبژاردنی قەوارە سیاسیەکە لە لیستی داخراو دەچێت، چونکە دەنگی دەنگدەر ڕاستەوخۆ بۆ هیچ کاندیدێک نەڕۆیشتوە بەڵکو تەنها بۆ قەوارەی سیاسی ڕۆیشتوە.

### ١-جێبەجێکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پارتەکان لەسەر سیستەمە پیادەکراوەکانی هەڵبژاردن


سیستەمەکانی هەڵبژاردن کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر کورسی و پێگەی پارتە سیاسیەکان، لە ئەگەری بەدەستهێنانی هەر ئەندازە لە دەنگێکی دیاریکراو لە لایەن هەر پارتێکی سیاسی ئەگەر جێبەجێی بکەین لەسەر سیستەمێک لەکاتی گۆڕینی دەنگ بۆ کورسی بۆمان دەردەکەوێت کورسیەکان زیاد دەبن یاخود کەم دەبن، کەواتە بە هەمان دەنگ لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی تر گۆڕانکاری لە کورسی پارتە سیاسیەکان دروست دەکات و لە ئەنجامدا گۆڕانکاری لە پێگەی پارتەکان دروست دەبێت، بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین دەنگی تەنها هەندێ پارتی سیاسی کوردستانی وەربگرین کە بەشداریان کردووە لە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ( ٢٠٢٤/١٠/٢٠) و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ( ١٠/ ١٠/ ٢٠٢١) نەک پارتە عێراقیەکانی ناوەراست و باشور، دواتر گونجاندن بۆ ئەو دەنگانە دەکەین بە گوێرەی ئەو سیستەمانەی لە ماوەکانی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان و عێراق پیادەکراون وەک لە خوارەوە پاڵپشت بە داتا لە خشتەکان کاریگەرییەکان پیشاندەدەین.

### ١-٢- کاریگەری سیستەمەکانی هەڵبژاردن لەسەر کورسی و پێگەی پارتە سیاسیەکان لە پەرلەمانی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان لە یەکەمین هەڵبژاردنەوە (١٩/ ٥/ ١٩٩٢) سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی بەکارهاتووە ( پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژمارە ١، ١٩٩٢، مادەی ٣٦)، هەرچەند ئەوکات بەربەستی هەڵبژاردن (٧٪ ) دانرابوو، بۆیە ئەو پارتە سیاسیانەی نەیانتوانی ئەو بەربەستە ببڕن نەیانتوانی کورسی پەرلەمانی مسۆگەر بکەن ( پەرلەمانی کوردستان، ١٩٩٢، ١، مادەی ٣٦/ ٣)، دواتر لە هەڵبژاردنەکانی ( ٢٠٠٥، ٢٠٠٩، ٢٠١٣. ٢٠١٨ ، ٢٠٢٤ )ی پەرلەمانی کوردستان بە هۆی هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەوە بەربەست نەما، بەڵام سیستەمەکە هەر وەک خۆی مایەوە، پارتە کوردستانیەکان بە گوێرەی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێنابوو تەنانەت ئەگەر گەیشتبایە ڕادەی یەک کورسی کورسیەکەیان مسۆگەر دەکرد(

پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژمارە ١، ١٩٩٢، مادەی ٣٦)، بۆیە ئەم سیستەمە لە ڕووی کردەییەوە جۆرێک لە فرەی پارتی سیاسی لە پەرلەمان دروستکردبوو.


بەر لەوەی سیستەمەکان بە شێوەی کردەی لەسەر دەنگەکان تاقیبکەینەوە دەمانەوێت لەوخشتەیە خوارەوە دەنگی پارتە سیاسیەکانی بەشداربوو لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بخەینەڕوو ئەوانەی توانیویانە کورسی پەرلەمانی بدەستبهێنن. ( پێگەی ئەلیکترۆنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن: /https://ihec.iq/kurdistan-final-results ) :




خشتەی ژمارە (١) دەنگی پارتە سیاسیەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ( ٢٠/ ١٠/ ٢٠٢٤)

**٢-١-١- جێبەجێکردن لەسەر سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی**

بە جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە ( بروانە خشتەی ژمارە 2) دەبینین زۆر لە پارتە سیاسیەکان کە بەشداریان لە هەڵبژاردن کردووە کورسی بەدەستدەهێنن، ئینجا لە ( پارتی دیموکرات) کە (٣٩) کورسی بەدەستهێناوە تاکو هەریەکە لەپارتەکانی ( بزوتنەوەی گۆڕان) و ( هاوپەیمانی هەرێم) کە هەریەکەیان یەک کورسی بەدەستهێناوە، واتە هەر پارتێک بە ئەندازەی دەنگەکانی کورسی بەدەستهێناوە، ئەوە لایەنێکی ئەرێنی سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەییە کە جۆرێک لە فرەی و جۆرایەتی دروستدەکات لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان و لە هەمان کاتدا ڕۆڵ دەبەخشێتە پارتە بچوکەکان تەنانەت ئەوانەی خاوەنی یەک کورسی پەرلەمانن، چونکە زۆر کات یەک دەنگ واتە یەک کورسی کاریگەری گەورەی دەبێت لە یەکلاییکردنەوەی پرسێکی چارەنوسساز.





خشتەی ژمارە (٢) بەرکەوتەی پارتە سیاسیەکان بە پێی سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ( ٢٠/ ١٠/ ٢٠٢٤).

به جێبەجێکردنی سیستەمی سانتلیگۆ، هاوشێوەی یاسایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆمان دەردەکەوێت بە هەمان دەنگ گۆڕانکاری گەورە لە بەرکەوتەی کورسی پارتەکان ڕوودەدات، هەندێک لە پارتەکان کورسیان زیاد دەکات، بەڵام هەندێکی تر کورسیەکانیان نامێنێت. بۆ نمونە لە بازنەی هەولێر ( پارتی دیموکرات) کورسیەک زیاد دەکات و کورسیەکانی دەبێتە (١٨) و لە بەرامبەردا ( بەرەی گەل) کورسیەکەی لەدەست دەدات، هەروەها لە بازنەی سلێمانی ( پارتی دیموکرات) کورسیەکی تر بەدەست دەهێنێت و کورسیەکانی دەبن بە (٤)، بە هەمان شێوە ( یەکێتی نیشتمانی) کورسیێکی تر زیاد دەکات و کورسیەکانی دەبنە ( ١٦)، لە بەرامبەردا هەر یەک لە ( بزوتنەوەی گۆڕان) و ( هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان) کورسیەکانیان لەدەست دەدەن، سەبارەت بە بازنەی دهۆک ( پارتی دیموکرات) کورسێک زیاد دەکات و کورسیەکانی دەبن بە (١٩)، لە بەرامبەردا ( ڕەوتی هەڵوێست) کورسیەکەی ئەو بازنەیە لەدەست دەدات. هەرچی کورسیەکانی بازنەی پارێزگای سلێمانیە وەک خۆیان دەمێننەوە. ( بڕوانە خشتەی ژمارە ٣).

جێبەجێکردن لەسەر ( سیستەمی سانتلیگۆ ١.٧) ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەم سیستەمە لە بەرژەوەندی پارتە خاوەن دەنگە زۆرەکان و براوە گەورەکانە، وەک دەبینین (پارتی دیموکرات ) سێ (٣) کورسی تر زیاد دەکات و ( یەکێتی نیشتمانی) یەک (١) کورسی تر زیاد دەکات، لە بەرامبەرد ئەم سیستەمە لە بەرژەوەندی پارتە بچوکەکان نیە، چونکە دەبینین لە بازنەی سلێمانی هەر یەکە لە ( بزوتنەوەی گۆڕان) کە خاوەنی تەنها یەک کورسیە و ( هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان) بە هەمان شێوە خاوەنی یەک کورسیە، کورسیەکانیان لە دەست دەدەن، هەروەها لە بازنەی هەولێر ( بەرەی گەل) کە خاوەنی (١) کورسیە کورسیەکەی لەدەست دەدات. لە بازنەی دهۆک ( پارتی دیموکرات) کە زۆرترین دەنگی هەیە کورسی ( ڕەوتی هەڵوێست) وەردەگرێتەوە کە کەمترین دەنگی هەیە.

بۆیە دەبینین ئەگەر مەبەستمان بەرژەوەندی پارتە گەورەکان بێت، بەڵێ دەکرێت لە هەرێمی کوردستان لە کاتی هەموارکردنی یاسایی هەڵبژاردن سیستەمی سانتلیگۆ کاری پێبکرێت لە جیاتی سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی، بەڵام ئەگەر مەبەستمان فرەی پارتە سیاسیەکان و هاوپەیمانەکان بێت لە پەرلەمانی کوردستان دەبێت وەک خۆی بەبێ هەموار سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی جێبەجێبکرێت، هەر لەبەر ئەوەیە بە داپەروەرترین سیستەم دادەنرێت چونکە هەر پارت و هاوپەیمانێک بە گوێرەی دەنگەکانی خۆی کورسی بەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە (٣) بەرکەوتەی پارتە سیاسیەکان بە پێی سیستەمی سانتلیگۆ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ( ٢٠/ ١٠/ ٢٠٢٤).



**٢-١-٢- جێبەجێکردن لەسەر سیستەمی زۆرینە**

هەرچەند سیستەمی زۆرینە لە عێراق و هەرێمی کوردستانەوە پیادەنەکراوە، بەڵام تاکو ئێستا لە زۆر وڵاتان پیادەدەکرێت لەوانە هەر یەک لە وڵاتەکانی بەریتانیا و ئەمریکا، هەرچەند ئەم سیستەمە پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ جۆری بچوک لە بازنەی هەڵبژاردنەوە هەیە، لە بەریتانیا وڵات دابەشکراوە بەسەر ( 650) بازنەی هەڵبژاردن بە گوێرەی ژمارەی ئەندمانی پەرلەمانی بەریتانیا وە سیستەمی زۆرینە بەکاردێت و لە هەر بازنەیەک کام کاندید زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا دەبێتە براوە ( Mohsen, 2015, p 9-15 ).

لایەنی نەرێنی ئەم سیستەمە ئەوەیە هاوکار نیە بۆ فرەی لە بونی پارتە سیاسیەکان بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر هاوکارە بۆ پارتە گەورەکان ئەوانەی خاوەنی دەنگی زۆرن و زۆربەی کورسیەکان لە بەرژەوەندی ئەوان یەکلاییدەبێتەوە، لە هەمان کاتدا دەرفەتی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی کەمدەکاتەوە بە تایبەت لە کاتێکدا کە پارتە براوەکان بەشداری حکومەت بکەن ( Mohsen, 2015, p 9-15 ).

ئەگەر ئەو سیستەمە لە هەرێمی کوردستان پەیرەو بکرێت ئەوا تەنها دوو پارتی سیاسی یاخود سێ پارتی سیاسی بونیان لە پەرلەمان دەبێت و ئەوانی تر کورسی پەرلەمانی بەدەست ناهێنن سەرەڕای ئەوەی دەنگێکی زۆر بەدەست دەهێنن ( بڕوانە خشتەی ژمارە ٤).




**٢-٢- کاریگەری سیستەمەکانی هەڵبژاردن لەسەر کورسی و پێگەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

لەم تەوەرەدا دەمانەوێت باسی پارتە سیاسیەکانی کوردستان بکەین لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وە تیشک دەخەینە سەر ئەو پارێزگایانەی کە پارتەکان دەتوانن کورسی مسۆگەر بکەن وەک پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی ( کەرکوک، نەینەوا، دیالی، تکریت). بەڵام بەر لەوەی سیستەمەکان بە شێوەی کردەی جێبەجێبکەین دەمانەوێت لەو خشتەیە خوارەوە دەنگی پارتە سیاسیەکانی بەشداربوو لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بخەینەڕوو ئەوانەی توانیویانە کورسی پەرلەمانی مسۆگەر بکەن ( پێگەی ئەلیکترۆنی https://ihec.iq/the-results-of-the-parliament-elections-2021/ ):

| Circles | Hawler | | | | Slulemany | | | | | Duhock | | | Votes |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Seats of Parliament | 1 | 2 | 3 | 4 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 1 | 2 | 3 | |
| Demcratic party | 128526 | 50630 | 31117 | 51218 | 9477 | 9580 | 11073 | 15240 | 9521 | 97491 | 72969 | 91174 | 261491 |
| Union Kurdistan | 28007 | 18370 | 8920 | 10336 | 8433 | 26545 | 15952 | 37021 | 22826 | 0 | 0 | 18695 | 195105 |
| Move New Generation | 16234 | 24626 | 13688 | 24217 | 18640 | 25022 | 12082 | 28987 | 21587 | 3892 | 4172 | 11228 | 204375 |
| Islamic Union | 0 | 0 | 1426 | 2517 | 8157 | 0 | 14719 | 0 | 0 | 56702 | 24442 | 0 | 107963 |
| Justice Group | 0 | 0 | 4577 | 14809 | 0 | 8092 | 11431 | 25116 | 0 | 0 | 0 | 0 | 64025 |
| Gange's Move | 0 | 2008 | 457 | 2237 | 0 | 5242 | 0 | 5197 | 2881 | 0 | 0 | 0 | 18022 |
| Total | 172767 | 95634 | 60185 | 105334 | 44707 | 74481 | 65257 | 111561 | 56815 | 158085 | 101583 | 121097 | 850981 |
| | 433920 | | | | 352821 | | | | | 380765 | | | |
| | 1167506 | | | | | | | | | | | | |

**خشتەی ژمارە (٥) دەنگی پارتە سیاسیەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ( ١٠/ ١٠/ ٢٠٢١)**

### ٢-٢-١- جێبەجێکردن و گونجاندنی سیستەمی تاک دەنگی نەگوێزراوە

لە عێراق دوای نەمانی دەستەڵاتی ( صدام حسێن) سەرۆک کۆماری پێشوتری عێراق ( ٢٠٠٣/٤/٩)، یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراسی بۆ ئەنجومەنی دامەزراندن لە ( ٣٠/ ١/ ٢٠٠٥) ئەنجامدرا، لەو هەڵبژاردنە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی – تێکڕای هەڵبژارەدن بەکارهات ( دەستەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، فەرمانی ژمارە ٩٦، ٢٠٠٤، مادەی ٣/٣)، بە هەمان شێوە لە هەڵبژاردنەکانی خولی یەکەم ( ٢٠٠٥/١٢/١٥) و خولی دووەم (٢٠١٠/٣/٨) هەمان سیستەم بەکارهات ( ئەنجومەنی نوێنەران، ٢٠٠٥، ١٦، م. ١٦)، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەم بۆ یەکەم جار سیستەمی سانتلیگۆی هەموارکراو ( ١.٦ ، ٣، ٥ .....) بەکارهات ( ئەنجومەنی نوێنەران، ٢٠١٣، ٤٥، م. ١٤)، دواتر لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠١٨) هەموارێکی تر بەسەر سیستەمەکە هات و کرا بە ( ١.٧ ، ٣، ٥ .....) ( ئەنجومەنی نوێنەران، ٢٠١٣، ٤٥، م. ١٤)، بەڵام لە هەڵبژاردنی ( ١٠/١٠/ ٢٠٢١) یاسایەکی نوێ لە لایەن یاسادانەری عێراقی پەسەندکراو سیستەمی تاک دەنگی نەگوێزراوە پیادەکرا ( ئەنجومەنی نوێنەران، ٢٠٢٠، ٩، م. ١٥/ دووەم و سێیەم) هەروەک لە خشتەی خوارەوە پیشانی دەدەین.

**خشتەی ( ٦) بەرکەوتەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە گوێرەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی (١٠/ ١٠/ ٢٠٢١) بە پێی سیستەمی تاک دەنگی نەگوێزراوە**

| Circles | Hawler | | | | Slulemany | | | | | Duhock | | | Seats |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Political Parties | 1 | 2 | 3 | 4 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 1 | 2 | 3 | 12 |
| Demcratic party | 4 | 2 | 1 | 3 | 1 | 0 | 0 | 0 | 1 | 3 | 3 | 2 | 20 |
| Union Kurdistan | 0 | 1 | 1 | 0 | 1 | 2 | 1 | 2 | 2 | 0 | 0 | 1 | 11 |
| Move New Generation | 0 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 0 | 0 | 0 | 8 |


| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Islamic Union | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 0 | 1 | 0 | 0 | 1 | 1 | 0 | 4 |
| Justice Group | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 |
| Gange's Move | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| Total | 4 | 4 | 3 | 4 | 4 | 3 | 3 | 4 | 4 | 4 | 4 | 3 | 44 |
| | 15 | | | | 18 | | | | | 11 | | | |

سیستەمی تاک دەنگی نەگوێزراوە بۆ یەکەم جار لە عێراق پیادەکرا ( ئەنجومەنی نوێنەرانی ع، ٢٠٢٠، مادەی ٩)، پارتە سیاسیەکان ئەزمونێکی دەوڵەمەندیان لەگەڵ ئەو سیستەمە نەبوو هەروەک ئەزمونیان هەیە لەگەڵ سیستەمی نوێنەرایەتی بە هەردوو شێوازی تێکرای هەڵبژارن و سانتلیگۆی هەموارکراو، بۆیە جێبەجێکردنی ئەو سیستەمە و خۆگونجاندن لەگەڵی وەک بەخت وابوو هیچ کەس و لایەنێک نەیدەتوانی پێشبینی نزیک بۆ کورسیەکانی خۆی و لایەنی بەرامبەری بکات، بە پێی دەنگەکان و کورسی پارتە سیاسیەکان هەندێ لە پارتەکان توانیواینە تا ئەندازەیەکی زۆر سودمەندبن لەو سیستەمە بە تایبەت ( پارتی دیموکرات) توانیویەتی (٣١) کورسی بەدەستبهێنێت، بەڵام هەندێ لایەنی تر بە تایبەت ( نەوەی نوێ) نەیتوانیوە خوێندنەوە و گونجاندنی زۆر باش بۆ دەنگەکانی بکات چونکە لە هەندێ بازنە یەک کاندیدی داناوە کە سەرکەوتوە بەڵام بە ئەندازەی (٢) دوو کاندید دەنگی هێناوە.


### ٢-٢-٢- جێبەجێکردن و گونجاندنی سیستەمی سانتلیگۆ ( 1.7)

ئەگەر هەمان دەنگی پارتە سیاسیەکان وەربگرین تەنها بە گۆرینی سیستەمی هەڵبژاردن لە سیستەمی تاک دەنگی نەگوێزراوە بۆ سیستەمی سانتلیگۆ گۆڕانکاری گەورە لە بەرکەوتە و کورسی پارتە سیاسیەکان دروست دەبێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ نمونە بەرکەوتەی ( پارتی دیموکرات) لە (٢٠) کورسیەوە دەبێت بە (٢١) کورسی، هەروەها ( یەکێتی نیشتمانی ) لە (١١) کورسی کەم دەبێتەوە بۆ (٨) کورسی و لە پارتی دووەمەوە دوای ( پارتی دیموکرات) دەبێت بە پارتی سێیەم و زۆر زیانمەند دەبێت، وە ( جوڵانەوەی نەوەی نوێ) لە (٨) کورسیەوە دەبێتە (٩) کورسی و دەبێت بە پارتی دووەم. پارتەکانی ( یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی دادگەری) کورسیەکانیان وەک خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەو پارتەی کورسی بەرنەکەوتووە بە گوێرەی سیستەمی تاک دەنگی نەگوێزراوە ( بزوتنەوەی گۆڕان)ە کە لە ڕێگەی سیستەمی سانتلیگۆ (١) یەک کورسی بەردەکەوێت. ( بڕوانە خشتەی ژمارە ٧)

**خشتەی (٧) بەرکەوتەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە گوێرەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی (١٠/ ١٠/ ٢٠٢١) بە پێی سیستەمی سانتلیگۆ ( 1.7)**



خشتەی ژمارە (٨) جیاوازیەکی گرنگی لەگەڵ خشتەکانی تر هەیە، جیاوازیەکە پێشبینی کردنی دەنگی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانە کە بەشداریدەکەن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وەک بریاردراوە لە ( ١١ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥) ئەنجام بدرێت، لەو خشتەیە دەنگی پارتەکانمان وەرگرتووە کە بەدەستیانهێناوە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان، دواتر جێبەجێمان کردووە بە گوێرەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. لە ئەنجامی پیشبینیەکە دەگەینە ئەو ئەنجامەی لەگەڵ ئەوەی جیاوازییەکی زۆر هەیە لە دەنگی پارتە سیاسیەکان ( هەروەک لەو خشتەی خوارەوە دەیخەینەڕوو) بەڵام گۆڕانکاری گەورە لە بەرکەوتەی کورسی پارتە سیاسیەکان دروست نابێت، سەرەڕای ئەوەی سیستەمی هەڵبژاردن لە نێوان ئەو دوو هەڵبژاردنە گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهاتووە، چونکە سیستەمی ئالۆیڕی دەنگ لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٢١) سیستەمی تاک دەنگی نەگوێزراوە بووە، هەروەها بازنەکان بازنەی بچوک بوون و هەر پارێزگایەک دابەشی چەند بازنەیەک کرابوون و ژمارەی بازنەکان لە (١٨) بازنە ببووە (٨٣) بازنە( ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ٢٠٢٠، ٩، م. ١٥ یەکەم و دووەم)، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو (٢٠٢٥) سیستەمی سانتلیگۆ بەکاردێت بۆ ئالۆیڕی دەنگ بۆ کورسی و پارێزگا کراوەتە پێوەر بۆ بازنەکانی هەڵبژاردن و ژمارەی بازنەکان بۆ (١٨) بازنە کەمکراونەتەوە ( ئەنجومەنی نوێنەران، ٢٠١٨، ١٢، م. ١٢).




لە جێبەجێکردنەکە دەبینین هەریەکە لە پارتەکانی ( پارتی دیموکرات، یەکێتی نیشتمانی، نەوەی نوێ، کۆمەڵ) کورسیەکانیان وەک خۆیان دەمێننەوە، کەچی ( یەکگرتوی ئیسلامی) کورسیەک لەدەست دەدات، بەڵام ( ڕەوتی هەڵوێست) وەک پارتێکی نوێ کورسیەک بەدەستدەهێنێت. هەرچی ( بزوتنەوەی گۆڕان، بەرەی گەل و پارتەکانی ترن) ناتوانن کورسی بەدەست بهێنن.

لە خشتەی ژمارە (٩) بە پێویستی دەزانم دەنگی پارتە سیاسیەکان بخەمەڕوو لە دوو هەڵبژاردنی جیاواز و بە دوای یەک بۆ ئەوەی بزانین دەنگەکانیان زیادیکردووە یاخود کەمیکردووە، تەنها جیاوازیەکە لە پارتەکانی ( بەرەی گەل، هەڵوێست) بە دیار ناکەوێت چونکە ئەو پارتانە وەک دوو پارتی نوێ دەرکەوتن و بەشداری یەکەم هەڵبژاردنیان کرد لە ساڵی (٢٠٢٤)

**خشتەی ژمارە ( ٩) جیاوازی دەنگی لایەنەکان لە نێوان هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢١) و ( ٢٠٢٤)**

| Political Parties | Nu of voter in 2021 | 2024 Nu of voter in 2024 | Differences Between 2021 and 2024 |
|---|---|---|---|
| Democratic party | 579234 | 812794 | 233560 |
| Union Kurdistan | 214716 | 409548 | 194832 |
| Move New Generation | 204855 | 292032 | 87177 |
| Islamic Union | 108010 | 117444 | 9434 |
| Justice Group | 39034 | 64864 | 708 |
| Gange's Move | 22091 | 11636 | -10455 |
| Move attitude | First election | 56008 | 0 |
| People's Front | First election | 33420 | 0 |

**٢-٢-٣- کاریگەری سیستەمەکانی هەڵبژاردن لەسەر کورسی و پێگەی پارتە سیاسیەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پارێزگاکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم**

لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کورد نوێنەری هەبووە لە پارێزگاکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە کەرکوک و نەینەوا و دیالی، لەو پارێزگایانە پارتەکانی کوردستان لە لایەک پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتری دەکەن بۆ بەدەستهێنانی کورسی لە لایەکی تر پێشبڕکێ لەگەڵ پارت و هاوپەیمانە سیاسیە عەرەبەکان و تورکمانەکان دەکەن، لە پارێزگای کەرکوک کە پارێزگایەکی زۆرینە کوردنشینە، (هەرچەندە لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، لە ئەنجامی هێرشی سوپای حکومەتی فیدراڵی بۆ سەر شارەکە و لابردنی پارێزگاری هەڵبژێردراو بە هەزاران خێزانی عەرەب هێنراونەتە شارەکە)، زۆربەی هەڵبژاردنەکان پارتە کوردیەکان زیاتر لە نیوەی کورسیەکانی تەرخانکراو بۆ شارەکەیان مسۆگەر کردووە، بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان (١٨ / ١٢/ ٢٠٢٤) لە کۆی (١٤) کورسی گشتی (٧) حەوت کورسی مسۆگەر کرد، هەروەها لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢١) ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پارتەکانی کوردستان لە کۆی (١٢) کورسی (٦) کورسیان مسۆگەر کرد، هەرچەند ئەگەر هاوپەیمانی لە نێوان سەرجەم پارتەکانی کوردستان هەبوایە، یاخود بە لایەنی کەمەوە لە نێوان زۆرینەی پارتە کوردیەکان هەبوایە دەتوانرا کورسییێکی تر مسۆگەر بکرێت و ئەوکات کورسی پارتەکانی کوردستان دەبوە (٧) کورسی. لێرەدا بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر پێویستمان بە دەنگی پارتەکانی کوردستان هەیە لەو شارانە، بۆ ئەم مەبەستە پشت دەبەستین بە داتای دوو نزیکترین هەڵبژاردنی ڕابردوو کە ئەوانیش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ساڵی (٢٠٢١) ( ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی https://ihec.iq/the-results-of-the-parliament-elections-2021/ ) و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بوو لە (٢٠٢٣) ( ماڵپەڕی ئەلیکترنی https://ihec.iq/29239-2/ )، ( بڕوانە خشتەکانی ژمارە ٩ و ١٠).


**خشتەی (٩) بەرکەوتەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە گوێرەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی (١٠/ ١٠/ ٢٠٢١) بە پێی سیستەمی تاک دەنگی نەگوێزراوە**

| Political | Hawler | | | | Slulemany | | | | | Duhock | | | Karkuk | | Nainewa | | | Diala | Seats |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Parties | 1 | 2 | 3 | 4 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 1 | 2 | 3 | 1 | 2 | 1 | 2 | 3 | 4 | 18 |
| Democratic party | 4 | 2 | 1 | 3 | 1 | 0 | 0 | 0 | 1 | 3 | 3 | 2 | 1 | 1 | 2 | 3 | 3 | 0 | 31 |
| Union Kurdistan | 0 | 1 | 1 | 0 | 1 | 2 | 1 | 2 | 2 | 0 | 0 | 1 | 2 | 1 | 1 | 1 | 0 | 1 | 17 |
| Move New Generation | 0 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 0 | 0 | 0 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 9 |
| Islamic Union | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 0 | 1 | 0 | 0 | 1 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 4 |
| Justice Group | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 |
| Gange's Move | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| Total | 4 | 4 | 3 | 4 | 4 | 3 | 3 | 4 | 4 | 4 | 4 | 3 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 44 |
| No. Seats | 15 | | | | 18 | | | | | 11 | | | 12 | | 31 | | | 14 | 62 |

ئەگەر سەیری خشتەکانی ژمارە (٩)، (١٠) بکەین کە تایبەتن بە کورسی پارتەکانی کوردستان لە بازنەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و هەریەک لە پارێزگاکانی ( نەینەوا و دیالی) دەبینین سەرەڕای زیادبونێکی بەرچاو لە دەنگی پارتەکانی کوردستان لە هەریەک لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کە لە ( ١٨/ ١٢/ ٢٠٢٤) ئەنجامدرا و هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان کە لە (٢٠/ ١٠/ ٢٠٢٤) ئەنجامدرا، کەچی دەبینین کورسی پارتەکانی کوردستان کەمدەبێتەوە، بۆ نمونە کورسیەکانی ( پارتی دیموکرات) لە (٣١) کورسی دەبنە (٢٦) کورسی، هەریەکە لە ( نەوەی نوێ، یەکگرتوو) کورسیەک لەدەستدەدەن، بەڵام ( ڕەوتی هەڵوێست) وەک پارتێکی نوێ کورسیەک بەدەستدەهێنێت، هەروەها لەسەر ئاستی گشتی لە کاتی ئێستادا پارتە کوردستانیەکان (٦٢) کورسیان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەیە بەلام بە پشت بەستن بە دەنگی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو پارتە کوردستانیەکان کورسیەکانیان کەمدەبێتەوە بۆ (٥٦) کورسی.

لێرەدا دەبینین لەگەڵ زیادبونی دەیان هەزار دەنگی پارتە کوردستانیەکان بە تایبەت لە پارێزگاکانی ( کەرکوک، نەنەوا) کەچی کورسیەکانی پارتەکانی کوردستان کەمدەبێتەوە، لە ڕاستیدا هۆکاری ئەم کەمبونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی سیستەمی هەڵبژاردن لە سیستەمی تاک دەنگی نەگوێزراوە بۆ سیستەمی سانتلیگۆ، لە هەمان کاتدا بازنەکان گۆڕانکاریان بەسەرداهاتوو بەرەو بازنەی گەورەتر لەسەر ئاستی پارێزگا ( ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، ٢٠١٨، ١٢ ، م.١٢)، لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین لەگەڵ زیادبونی دەنگ بەڵام سیستەمەکانی ئاڵوێری دەنگ بۆ کورسی و گۆڕانکاری لە بازنەکان گۆڕانکاری گەورە لە ژمارە و پێگەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دروست دەکات، کە ئەو گۆڕانکارییە لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستاندا نیە چونکە پێگەی هەرێمی کوردستان لاوازدەکات لە ناو ئەنجومەن و بە تایبەت لە هەندێ پرۆسەی دەنگداندا دەنگێک کاریگەری زۆر دەبێت بۆ یەکلاییکردنەوەی پەسەندکردن یاخود ڕەتکردنەوەی پرۆژەیەکی یاسا.

خشتەی ژمارە (١٠) کورسی پارتە سیاسیەکان بە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمەوە بە پێی دەنگەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق ( ١٨/ ١٢/ ٢٠٢٣) و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ( ٢٠/ ١٠/ ٢٠٢٤)




**٢-٢-٤- کاریگەری هاوپەیمانی پارتە سیاسیەکان لەسەر بەرکەوتەکانیان لە پارێزگای کەرکوک**

شاری کەرکوک بەهۆی ناسنامەکەیەوە لە لایەن گەلی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەم شارە بەشێکی گرنگ بووە لە خەباتی شۆرشگێری کوردستان و بەرنامە و دروشمی پارتە سیاسیەکانی، سەرەرای هەوڵدان بۆ گۆرینی دیمۆگرافیای شارەکە لە لایەن فەرمانرەوایانی عێراق بەر لە ئازادکردنی ولآت (٢٠٠٣) و تەنانەت دوای رزگارکردنی، بەلآم خۆشبەختانە پارتە کوردستانیەکان لە لایەک و هاولآتیانی شارەکە لا لایەکی تر توانیویانە بە ویستێکی بەهێزەوە رێگربن لە سەرکەوتنی سەرجەم پیلانەکانی دژ بە ناسنامەی کوردستانیبونی کەرکوک.

بە خوێندنەوەی ئەنجامەکانی دوایین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەکە ( ٢٠٢٣/١٢/١٨)، لە کۆی (١٤) کورسی پارتە کوردستانیەکان (٧) کورسیان مسۆگەرکرد، چاوەروانی کورسی زیاتر بوین بەلآم وەک پێشتریش ئاماژەمان پێیکرد بەهۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆری دەنگدەری عەرەب وە دانیشتنی لەم شارە لە لایەک و زیادبونی پرۆسەی زاوزێی زیاتر بە بەراورد بە پێکهاتەی کورد بۆیە نەتوانرا ئەم ئامانجە بپێکرێت. لێرەدا پرسیارێک دێتە کایەوە، ئایا لە ئەگەری هاوپەیمانی پارتە کوردستانیەکان چارەنوسی کورسیەکانی شارەکە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەران چی بەسەردێت؟ ئەی ئەگەر پارتە عەرەبیەکانیش بوون بە هاوپەیمان ئەنجامەکە هەروەک خۆی دەبێت یاخود گۆرانکاری بەسەردا دێت، بۆیە پاڵپشت بەو گریمانەیە دەنگەکانی دوا هەڵبژاردن وەردەگرین (https://ihec.iq/wp-content/uploads/2024/01/%D9%83%D8%B1%D9%83%D9%88%D9%83.pdf) و جارێک هاوپەیمانی پارتە کوردستانیەکانی لێدروست دەکەین بەرامبەر پارتە عەرەبەکان و تورکمانەکان، وە جارێک هاوپەیمانی عەرەبەکانی لێدروست دەکەین بەرامبەر هاوپەیمانی پارتە کوردستانیەکان. ( بروانە خشتەی ژمارە ١١).

**خشتەی ژمارە (١١) کورسی پارێزگای کەرکوک لە ئەگەری هاوپەیمانی پارتەکانی کوردستان و پارتە عەرەبە سوننەکان بە پێی دەنگەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق ( ١٨/ ١٢/ ٢٠٢٣)**

| پشکی پارتەکان بەبێ هاوپەیمانی | | | لە ئەگەری هاوپەیمانی پارتە کوردستانیەکان | | کورسی | لە ئەگەری هاوپەیمانی پارتە عەرەبە سوننەکان | | کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوی هاوپەیمانی و پارت | دەنگ | کورسی | ناوی هاوپەیمانی و پارت | دەنگ | | ناوی هاوپەیمانی و پارت | دەنگ | |
| کەرکوک هێز | 157649 | 4 | بەرەی | 242716 | ٦ | بەرەی | 242716 | ٥ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| و ئیرادەمانە | | | کوردستانی | | | کوردستانی | | |
| هاپەیمانی عەرەبی لە کەرکوک | 102558 | 2 | هاپەیمانی عەرەبی لە کەرکوک | 102558 | ٢ | بەرەی پارتە عەرەبەکان | 186871 | ٤ |
| بەرەی تورکمانی عێراقی یەکگرتوو | 75169 | 2 | بەرەی تورکمانی عێراقی یەکگرتوو | 75169 | ٢ | بەرەی تورکمانی عێراقی یەکگرتوو | 75169 | ٢ |
| قیادە | 61612 | 2 | قیادە | 61612 | ١ | | | ١ |
| پارتی دیموکرات | 52278 | 1 | هاوپەیمانی عروبە | 47919 | ١ | | | ٠ |
| هاوپەیمانی عروبە | 47919 | 1 | کرکوکنا | 22701 | ٠ | | | ٠ |
| جولانەوەی نەوەی نوێ | 25910 | ٠ | | | ٠ | | | ٠ |
| کرکوکنا | 22701 | ٠ | | | ٠ | | | ٠ |
| مەشخەڵ | 6879 | ٠ | | | ٠ | | | ٠ |
| | 552675 | 12 | | 552675 | ١٢ | | 552675 | ١٢ |

ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (١١) ی سەرەوە بکەین دەبینین بە پێی دەنگەکانی دواین هەڵبژاردن لە کۆی (١٢) کورسی شارەکە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران پارتە کوردستانیەکان لە ئەگەری یەکەم هەریەکەیان بەتەنیا بەشداری بکات (٥) کورسی بەدەستدەهێنن، ئەوانیش ( یەکێتی نیشتمانی – کەرکوک هێز و ئیرادەمانە) چوار (٤) کورسی و ( پارتی دیموکرات) تەنها (١) یەک کورسی، وە پارتە عەرەبەکان (٥) پێنج کورسی دەبەن و ( بەرەی تورکمانی) تەنها (٢) دوو کورسی دەبات، لێرەدا دەردەکەوێت پارتە عەرەبەکان هاوشانی پارتە کوردستانیەکان کورسی دەبەن، دەرکەوتنی هاوکێشەکە بەم ئەنجامە بە دڵنیاییەوە لە بەرژەوەندی کورد و ناسنامەی کوردستانیبونی کەرکوک نیە.

لە ئەگەری دووەم، کاتێک پارتە کوردستانیەکان دەبنە یەک هاوپەیمانی، بەرکەوتەی پێکهاتەکان و هاوپەیمانی و پارتەکان دەگۆڕێت، بە شێوەیەک هاوپەیمانی پارتە کوردستانیەکان دەبنە خاوەنی (٦) شەش کورسی، بەڵام پارتە عەرەبەکان دەبنە خاوەنی (٤) چوار کورسی، هەرچی بەرەی تورکمانیە هەر بە خاوەنی (٢) دوو کورسی دەمێنێتەوە.

بەڵام لە ئەگەری سێیەم ئەگەر پارتە عەرەبیەکان لە بەرامبەر هاوپەیمانی پارتە کوردستانیەکان هاوپەیمانی پارتە عەرەبیە سونییەکان دروست بکەن، هاوکێشەکە لە بەرژەوەندی پارتە عەرەبیە سونیەکان تەواو دەبێت چونکە دەبنە خاوەنی (٥) پێنج کورسی، لە بەرامبەردا هاوپەیمانی کوردستانی (٥) پێنج کورسی بەدەستدەهێنن و بەرەی تورکمانی (٢) دوو کورسی بەدەستدەهێنن.

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت پارتە کوردستانیەکان زۆر بە وریای هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەارن بۆ شاری کەرکوک بکەن، لە دوو ئەگەری سەرەوە ئەگەر پارتە کوردستانیەکان هاپەیمانییەکی بەهێزیان نەبێت یاخود ئەگەر هاوپەیمانیان هەبێت بەڵام پارتە عەرەبەکان هاوپەیمانێکی بەهێزیان هەبێت کوردەکان بەدەستهێنانی نیوەی کورسیەکان لەدەستدەدەن کە تاکو ئێستا ئەو ڕێژەیەیان بەدەستهێناوە.

## 1 -کاریگەری بازنەکان و لیستەکانی هەڵبژاردن لەسەر پێگەی پارتە سیاسیەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان

بازنەکان و لیستەکانی هەڵبژاردن بە هەمان شێوەی سیستەمەکانی هەڵبژاردن کاریگەریان زۆرە لەسەر بەرکەوتەی پارتە سیاسیەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان، لە هەرێمی کوردستان تا ئەندازەیەکی زۆر هەم بازنەکان هەم لیستەکان لە بارودۆخێکی جێگیردابون بە بەراورد لەگەڵ هەرێمی ناوەند ( پەرلەمانی کوردستان، ١٩٩٢، ١، م ٩)، تەنها لە دوا هەڵبژاردن پاڵپشت بە بڕیاری دادگای فیدراڵ ژمارە ( ٨٣/ فیدراڵ/ ٢٠٢٣) گۆڕانکاری بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن ئەنجامدراو کوردستان لە یەک بازنەوە بوو بە (٤) بازنە، بە هەمان شێوە لە یەکەم هەڵبژاردن لە (١٩٩٢) لیستی داخراو پیادەکرا تاکو هەڵبژاردنی (٢٠١٣) ی پەرلەمانی کوردستان و دواتر هاوشێوەی عێراق لیستی نیمچەکراوە پیادەکراوە ( پەرلەمانی کوردستان، ١٩٩٢، ١، م ٢)، وە ئێمە هەوڵماندا ئەو دوو بابەتە لە یەک بەش گفتووگۆی لەسەر بکەین و کاریگەریەکانیان پیشان بدەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

### ٣-١- کاریگەری بازنەکان لەسەر پێگەی پارتە سیاسیەکان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان

لە ( ١٩/ ٥/ ١٩٩٢) یەکەم هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا، بە پێی یاسا ئەوکات هەرێمی کوردستان دابەشکرابوو بەسەر ژمارەیەک بازنە کە نابێت لە (٤) بازنە کەمتربن ( پەرلەمانی کوردستان، ١٩٩٢، ١، م ٩ )، هەڵبژاردنەکە لە رووی رێکخستنەوە بە پێی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە تێیدا ئەنجامدرا هەندێک لاوازی بە خۆیەوە بینی ئەوەش تا ڕادەیەک لە ناچاریدابوو، لە ڕووی کردارییەوە ئەوکات نەتوانراوە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لەسەر (٤) بازنە جێبەجێبکرێت، هۆکارەکەی بە پێی سەرپەرشتیارانی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی یەکەم خول دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی شارەزاییەکی باش لە بەڕێوەبردنی پڕۆسەکە بەهۆی ئەوەی پێشتر لە هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنێک پاڵپشت بە بنەما دیموکراسیەکان ئەنجام نەدراوە، بۆیە نەتوانراوە تۆمارێکی دەنگدەران پاڵپشت بە پێوەرە نێودەوڵەتیەکان ئامادەبکرێت و دابەشبکرێت بەسەر (٤) بازنە و هەڵبژاردن بە گوێرەیەوە بەڕێوەبچێت. ( بارزانی، ٢٠٢٢، لا ١١٨ و مستەفا، ٢٠١٧، لا ٤٩٧).

دواتر لە پەرلەمانی کوردستان یاسای هەڵبژاردن هەموارکراوەتەوە و هەرێم کراوە بە یەک بازنەی هەڵبژاردن ( پەرلەمانی کوردستان، ١٩٩٢، مادەی ٦)، بەم شێوەیە خولی دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بە یەک بازنە ئەنجامدرا، بەڵام لە دوا هەڵبژاردن کە لە ( ٢٠/ ١٠/ ٢٠٢٤) ئەنجامدرا پاڵپشت بە بڕیاری دادگای فیدراڵی هەرێمی کوردستان دابەشی (٤) بازنەی هەڵبژاردن کرا ( فیدراڵی/ ٨٢/ ٢٠٢٤)، بۆیە ئەگەر سەیری ئەو خشتەیەی خوارەوە بکەین دەبینین لەگەڵ ئەوەی کە بەشێک لە پارتە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان دەنگەکانیان زیادیکردووە بەڵام کورسیەکانیان کەمیکردووە.

**خشتەی ژمارە (١٢) دەنگ و کورسی پارتە کوردستانیەکان لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان – چوار بازنە، یەک بازنە ( ٢٠/ ١٠/ ٢٠٢٤)**

| Political Party | Democratic party | Nation Union | New Generation | Islamic Union | Move attitude | Islamic Group | People's Front | Change Move | Regional Alliance | Seats |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Hawler | 17 | 6 | 5 | 1 | 1 | 1 | 1 | 0 | 0 | 32 |
| Sulemany | 3 | 15 | 8 | 3 | 2 | 2 | 1 | 1 | 1 | 36 |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Dhock | 18 | 1 | 2 | 2 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 24 |
| Halabca | 1 | 1 | 0 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 3 |
| Nu.Par.S eats | 39 | 23 | 15 | 7 | 4 | 3 | 2 | 1 | 1 | 95 |
| Kurdistan Political Party | Democr atic party | Nati on Unio n | New Generat ion | Isla mic Unio n | Move attitu de | Isla mic Grou p | Peopl e's Front | Chan ge Move | Regio nal Allianc e | Sea ts |
| Nu.Par.S eats ( 95) | 42 | 21 | 16 | 6 | 3 | 3 | 2 | 1 | 1 | 95 |
| Nu.Par.S eats (100) | 45 | 22 | 16 | 6 | 3 | 4 | 2 | 1 | 1 | 100 |

ئەگەر بە وردی سەیری ئەو خشتەیەی سەرەوە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە گۆڕانکاری لە یەک بازنەی بۆ (٤) چوار بازنەی کاریگەری گەورەی دروستکردووە بەسەر کورسی و پێگەی پارتە کوردستانیەکان، بۆ نمونە لە ئەگەری ئەوەی هەرێمی کوردستان یەک بازنە بێت و کورسیەکان (٩٥)بن، ئەوا ( پارتی دیموکرات) سێ کورسی زیاد دەکات و لە (٣٩) کورسی دەبێتە (٤٢) کورسی، هەروەها نەوەی نوێ یەک کورسی زیادەکات و کورسیەکانی لە (١٥) کورسی دەبن بە (١٦) کورسی، بەڵام هەندێ پارتی تر کورسیەکانیان کەمدەکەن، لەوانە ( یەکێتی نیشتمانی) دوو کورسی کەمدەکات و کورسیەکانی لە ( ٢٣) کورسی دەبن بە (٢١) کورسی، هەروەها هەریەکە لە ( یەکگرتووی ئیسلامی، ڕەوتی هەڵوێست) یەک کورسی کەمدەکەن، کەچی هەندێ پارتی تر بە تایبەت ئەوانەی دەنگی کەمیان هێناوە کورسیەکانیان وەک خۆیان دەمێننەوە وەک ( کۆمەڵی دادگەری، هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان)، هەروەها ( بەرەی گەل) وەک پارتێکی نوێ لە گۆڕەپانی سیاسی کورسیەکانی وەک خۆی دەمێننەوە.

بەڵام لە ئەگەری باروودۆخی ڕابردوو بەر لە دەرکردنی بڕیاری دادگای فیدراڵی، واتە وەرگرتنی هەرێمی کوردستان بە یەک بازنە و دانانی (١٠٠) کورسی بۆ پەرلەمانی کوردستان بە هەمان شێوە دەبینین سودمەندی یەکەم ( پارتی دیموکرات)ە کە کورسیەکانی بەرز دەبنەوە بۆ (٤٥) کورسی واتە (٦) کورسی زیاد دەکات، بە هەمان شیوە هەریەکە لە ( نەوەی نوێ و کۆمەڵی دادوەری) یەک کورسی زیاد دەکەن، بەڵام پارتی دووەم تەنها (١) کورسی کەمدەکات، بە هەمان شێوەی گریمانەی یەک بازنەی پارتەکانی ( یەکگرتوی ئیسلامی و بەرەی هەڵوێست) هەریەکەیان کورسیەک کەمدەکەن، پارتەکانی ( بەرەی گەل و بزوتنەوەی گۆڕان و هاوپەیمانی کوردستانی ) کورسیەکانیان وەک خۆیان دەمێننەوە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە یەک بازنەی زیاتر لە بەرژەوەندی پارتی گەورەیە کە خاوەنی دەنگی زۆرە بە هەمان شێوە لە بەرژەوەندی پارتی بچوکە و دەنگەکانی بۆ کۆدەکاتەوە بە پێچەوانەی فرەبازنەی، بۆیە دەبینین پارتە بچوکەکان پارێزگاری لە کورسیەکانی خۆیان دەکەن.

### ٣-٢- کاریگەری بازنەکان لەسەر پێگەی پارتە سیاسیەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

پشت بەستن بە داتایی هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٢١) ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامێکی دروستمان بەدەستەوە نادات بەهۆی ئەوەی لەو هەڵبژاردنە کاندید وەک کاندیدی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانی کردووە نەک وەک

کاندیدی نێو قەوارەی سیاسی و ژمارە دراوەتە کاندید نەک لیست هەروەک لە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی و سانتلیگۆ ژمارە دەدرێتە لیست ( ئەنجومەنی نوێنەران، ٢٠٢٠، ٩، م١٥)، وە ئەگەر دەنگی هەندێ قەوارەی سیاسیمان دەستبکەوێت دەنگی سەرجەم پارتەکانمان دەستناکەوێت و ناتوانین ئەنجامێکی دروست دەربکەین، بۆیە هەوڵدەدەین بەراوردکاری لە نێوان هەڵبژاردنەکانی تر بکەین بە تایبەت هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥ و ٢٠١٠، ٢٠١٤ و ٢٠٢٤).

دوای پرۆسەی ئازادی عێراق (٢٠٠٣)، یەکەم هەڵبژاردن پاڵپشت بە یەک بازنە لە (٢٠٠٥/١/٣٠) بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزراندن بەڕێوەچوو ( دەستەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، بریاری ٩٦، م٣/٣)، دواتر وڵات بۆ (١٨) بازنەی هەڵبژاردن دابەشکرا، کە لە ساڵی (٢٠١٠) و تاکو ئێستا پیادەکرێت ( ئەنجومەنی نوێنەران، ٢٠٠٥، ١٦، م ١٥) جگە لە هەڵبژاردنەکانی ( ٢٠٢١/١٠/١٠)، لە یەکەم گۆڕانکاری لە بازنەکانی هەڵبژاردن نوێنەرانی هەرێمی کوردستان ( ١٤) کورسیان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دەستداوە کە ئامارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینە روو( حەسەن، ٢٠١٤، ٨٤).

**خشتەی ژمارە (١٣) جیاوازی کورسی پارتە کوردستانیەکان لە هەڵنژاردنی خولەکانی یەکەم و دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق – یەک بازنە و فرە بازنە**

| Kurdistan Alliance and Political Parties | Parliament seats 2005 Nu: 235 Seats | percent | Parliament seats 2010 Nu: 329 Seats | Percent | Difference | Note |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Types of Circles | ( One Election Circle) | | ( Multi – Circle) | | | |
| Kurdistan Alliance | 64 | %29.78 | 53 | %16.10 | 11 | Kurdistan Alliance consists of ( Democratic party, Union Nation, Justice Islamic) |
| Union Islamic | 5 | 2.12 | 3 | 0.91 | 2 | |
| Ezdi Move | 1 | %0.42 | 0 | %0 | 1 | |
| Total | 70 | %32.32 | 56 | %22.1 | 14 | |

گۆڕینی بازنەکانی عێراق لە یەک بازنەی بۆ فرە بازنەی ( ١٨ بازنە) کاریگەری گەورەی نەرێنی هەبووە لەسەر کورسی و پێگەی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ( بروانە خشتەی ژمارە ١٣)، بە شێوەیەک کورسی هاوپەیمانەکان و پارتە سیاسیەکان زۆر کەمبۆتەوە سەرەڕای ئەوەی کورسیەکانی پەرلەمان لە (٢٣٥) کورسی لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥) زیادکراون بۆ (٣٢٩) کورسی. بۆنمونە هاوپەیمانی کوردستانی کە هەریەک لە پارتەکانی ( پارتی دیموکرات، یەکێتی نیشتمانی، کۆمەڵی ئیسلامی) لە خۆگرتبوو ( ١١) کورسیان کەمکردووە، ژمارەی کورسیەکانیان لە (٦٤) کورسی کەمبۆتەوە بۆ (٥٣) کورسی، ڕێژەی نوێنەرانی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نیشتمانی فیدراڵ ( 29.78%) بوو، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠١٠) نزم بووەوە بۆ (16.10%)، هەروەها ( یەکگرتووی ئیسلامی ) کە (٥) کورسیان هەبوو (٢) دوو کورسیان لە دەستدا، بە هەمان شێوە ( بزوتنەوەی ئێزدی) کە یەک کورسیان هەبوو کورسیەکەیان لەدەستدا. بە گشتی پارتە کوردستانیەکان کورسیەکانیان لە (٧٠) کورسی کەم بووەوە بۆ (٥٦)

کورسی، هەروەها ڕێژەی بەشداریکردنی نوێنەرانی کورد بە گشتی (32.32%) لە ساڵی ( ٢٠٠٥) بەلام لە ساڵی (٢٠١٠) بۆ (22.1%) دابەزی.
بەڵام ئەوەی بووە دەستکەوتێکی گەورە بۆ گەلی کوردستان لە دوا هەڵبژاردن کە لە (٢٠٢١/١٠/١٠) پارتە سیاسیەکانی کوردستان توانیان (٦٢) شەست و دوو کورسی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەست بهێنن، بە بڕوای توێژەر ئەگەر پلانێکی تۆکمە و ڕێکخراو دانرابوایە و لە هەندێ بازنەکان بە تاییبەت لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم هاوپەیمانی لە نێوان پارتە سیاسیەکان هەبوایە دەکرا کورسی زیاتر بەدەست بهێنرێت بۆ نمونە لە بازنەکانی پارێزگاکانی کەرکوک و دیالی و نەینەوا.

**٣-٣- کاریگەری لیستیەکان لەسەر پێگەی پارتە سیاسیەکان لە هەڵبژاردنەکان**

بۆ ئەوەی بتوانین کاریگەری لیستی داخراو بەدیار بخەین لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت بگەڕێینەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان کە لە ( ٣٠/ ١/ ٢٠٠٥) لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا، هەروەها هەڵبژاردنەکانی ( ٢٠٠٩) ی پەرلەمانی کوردستان،، چونکە لەو هەڵبژاردنانە لیستی داخراو پیادەکرا، دواتر لە هەڵبژاردنەکانی ( ٢٠١٠) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٣) لیستی نیمچەکراوە پیادەکرا. بۆیە دەمانەوێت ئەنجامی هەڵبژاردنی پارتە سیاسیەکان لەو هەڵبژاردنە جیاوازانە بخەینە ڕوو ( بڕوانە خشتەی ژمارە (١٤).

**خشتەی ژمارە ( ١٤) بەرکەوتەی پارتە سیاسیەکان لە نێوان هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ( ٣٠/ ١/ ٢٠٠٥) بە پێی لیستی داخراو وە ( ١٢/١٥/ ٢٠٠٥) بە پێی لیستی نیمچەکراوە**

| Political parties | 30/1/ 2005 Election | Number of seats | Political parties | 15/12/2005 Election | Number of seats |
|---|---|---|---|---|---|
| Kurdistan Alliance ( KDP & UNK &others) | 2175551 | 75 | Kurdistan Alliance ( KDP & UNK &others) | 2642172 | 53 |
| Islamic Group Kurdistan | 60592 | 2 | Islamik Union Kurdistan | 157688 | 5 |
| Total | 2236143 | 77 | | 2799860 | 58 |

ئەگەر سەیری ئەو خشتەیەی سەرەوە بکەین بۆمان دەردەکەوێت دەنگەکان زیادکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بۆ نمونە لە ماوەی (٣٤٥) ڕۆژی نێوان هەردوو هەڵبژاردنەکە ( 563717) دەنگ زیادیکردووە، کاریگەرترن هۆکار دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی جۆری لیست لە لیستی داخراو بۆ لیستی نیمچەکراوە کە کاندید تیایدا چەقی هاوکێشەی پێشبڕکێی هەڵبژاردنە، بەڵام ئەگەر تیشک بخەینە سەر کورسیەکان دەبینین هاوپەیمانی و قەوارە سیاسیە کوردستانیەکان ( 19) کورسیان لە نێوان ئەو دوو هەڵبژاردنە کەمکردووە، هۆکاری ئەوە وەک لە کاریگەری فرەبازنەی باسمان کرد پەیوەندی بە دابەشکردنی وڵات هەیە لە یەک بازنەی بۆ ( 18) بازنەی هەڵبژاردن، بۆیە پارتە کوردستانیەکان لە شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق کە دەنگەنیان نەگەیشتۆتە ڕادەی بەدەستهێنانی کورسی دەنگەکانیان بەفیرۆ دەڕوات.

**خشتەی ژمارە ( ١٥) بەرکەوتەی پارتە سیاسیەکان لە نێوان هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان/عێراق ( ٢٥/ ٧/ ٢٠٠٩) بە پێی لیستی داخراو و ( ٢١/٩/ ٢٠١٣) بە پێی لیستی نیمچەکراوە**

| Political And Alliance Parties | Votes At 2009 | Seats of Parliament | Political and Alliance Parties | Votes At 2013 | Seats of Parliament |
|---|---|---|---|---|---|
| Kurdistan List ( Kdp & Unk) | 1076370 | 59 | Kurdistan Democratic party & | 743984 | 38 |
| - | - | - | Kurdistan Union Nation | 350500 | 18 |
| Change’s Move | 445024 | 25 | Change’s Move | 476736 | 24 |
| Reform and Service List ( Islamic Union, Islamic Group, Socialist, Zahmatkesh p) | 240842 | 13 | Islamic Union | 186741 | 10 |
| Freedom And social Justice | 15028 | 1 | Islamic Group | 118574 | 6 |
| Islamic Move | 27147 | 2 | Islamic Move | 21834 | 1 |
| Total | 1804411 | 100 | Democratic Sosialist | 12501 | 1 |
| | | | Azadi List | 12392 | 1 |
| | | | Third Direction List | 8681 | 1 |
| | | | | 1931943 | 100 |

ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (١٥) بکەین بۆمان دەردەکەوێت ناتوانین لەسەر ئاستی قەوارەی سیاسی بەراوردی دەنگەکان بکەین و کاریگەری جۆری لیست دەربخەین بەهۆی ئەوەی سەرجەم قەوارەکان لە هەڵبژاردنەکانی ( ٢٠٠٩ و ٢٠١٣) بەشداری هاوپەیمانی جیاوازیان کردووە و کەمیان وەک قەوارەی سیاسی بە تەنیا بەشداریان کردووە، بەڵام لەسەر ئاستی کۆی دەنگدەران دەبینین کە ( ١٢٧٥٣٢) دەنگدەر زیادیکردووە، دەتوانین بڵێین سێ هۆکار لەم زیادبونە کاریگەریان هەیە، یەکەمیان بەشداریکردن و پێگەیشتنی (٤) چوار دەنگدەری نوێ ئەوانەی تەمەنیان دەگاتە (١٨)ساڵی کە لەدایکبونەکانی ساڵانی ( 1989 ,1990 , 1991 ,1992 ) دەگرێتەوە، ئەو دەنگدەرانە لە هەڵبژاردنەکانی ( ٢٠٠٥) بەشداری دەنگدانیان نەکردووە بەهۆی پێنەگەیشتنی تەمەنەوە، دووەمیان دروستبونی چەند پارتێکی نوێی وەک بزوتنەوەی گۆڕان کە ( 476736 ) دەنگی بردووە، بەڵام هۆکاری سێیەم کە لە هەمویان کاریگەری زیاترە بە بڕوای توێژەر گۆڕینی شێوازی لیستە لە لیستی داخراو بۆ لیستی نیمچەکراوە، چونکە لەم جۆرە لیستەدا کاندید چەقی هاوکێشەی هەڵبژاردنە، بەهۆی ئەوەی دەنگ بە لیست و کاندید دەدرێت، بۆیە کاندیدەکان پێشبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ دەکەن تەنانەت لەناو لیستی قەوارەیەکی سیاسی دیاریکراودا.


**٣-٤- پێگەی پارتە سیاسیەکان لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان دوای سەرژمێری گشتی**

لە ڕێکەوتی ( ٢٠، ٢١/ ١١/ ٢٠٢٤) سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە سەرجەم شارەکانی عێراق ئەنجامدرا، دوای ئەوەی سەرژمێریەکی لەوجۆرە ئەنجامنەدراوە لە ساڵی (١٩٧٧)ەوە، ئەم سەرژمێریە دەبێتە بنەما بۆ داهاتوو لە سەرجەم بوارەکان لە وڵات، یەکێک لەو بوارانەی دەکەوێتە ژێر کاریگەری سەرژمێری ساڵی (٢٠٢٤) دووبارە ڕێکخستنەوەی کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە بە پێداچونەوە بە کورسیەکانی ئەو ئەنجومەنە لەسەر ئاستی پارێزگاکان، چونکە بەهۆی ئەوەی پارێزگا بووەتە بازنەی هەڵبژاردن وە کۆی کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەران کۆی کورسی سەرجەم پارێزگاکانە.

لە دەستوری عێراقدا هاتووە ( ئەنجومەنی نوێنەران لە ژمارەیەک ئەندام پێکدێت بە ڕێژەی یەک کورسی بۆ سەد هەزار کەس لە دانیشتوانی عێراق ....) ( دەستوری عێراق، ٢٠٠٩، ٤٩/ آ)، لە یەکەم هەڵبژاردن (٢٠٠٥/١/٣٠) ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق (٢٧٥) کورسی بوو ( ئەنجومەنی نوێنەران، ٢٠٠٥، ١٦، م ١٥)، بەڵام دواتر لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم ( ٣٠/ ٤/ ٢٠١٤) ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران زیادیکردوو بوو بە (٣٢٩) کورسی ( ئەنجومەنی نوێنەران، 2013، 45، م 11/ یەکەم)، دیاریکردنی هەردوو ژمارەی ئاماژەپێکراو لەسەرەوە پاڵپشت بووە بە ژمارەی دانیشتوان لەسەر ژمارەی ئەندامانی خێزانی پسولەی خۆراک کە هەمیشە ژمارەیەکی دروست و ورد دەرنەچووە، بەڵام

دوای پرۆسەی سەرژمێری دەتوانین بڵێین پاڵپشت بە داتایەکی زانستی و نوێ بە وردی و دروستی ژمارەی کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دیاریدەکرێت.

ئاسان نیە لە هەڵبژاردنی خولی شەشەم گۆرانکاری لە کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دروستببێت، چونکە گۆڕانکاری لە کورسیەکان سەردەکێشێت بۆ هەموارکردنی یاسایی هەڵبژاردن ژمارە ( ١٢) ی ساڵی (٢٠١٨)ی هەموارکراو، بۆ ئەو مەبەستە هیچ پرۆژەیەکی هەمواری یاسا تا ئێستا لەبەردەست نیە ( پرۆژەیەک بۆ گۆڕینی سیستەم خراوەتە ڕوو) ڕۆژی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن دیاریکراوە (١١/١١/ ٢٠٢٥)، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو کاتە لەبەر دەست نیە بتوانرێت سودی لێوەربگیرێت و گۆڕانکاری لە کورسیەکان بکرێت، بۆیە هەڵبژاردنی خولی شەشەم هەر لەسەر ئەم یاسایە دەکرێت بەبێ هەموار و بەبێ گۆڕانکاری لە کورسیەکان. بەڵام بە دڵنیاییەوە پێشبینی دەکرێت لە هەڵبژاردنی خولی حەوتەم گۆڕانکاری لە ژمارەی کورسیەکان بکرێت و لە (٣٢٠) کورسی گشتی زیادبکرێن بۆ (٤٦٥) کورسی چونکە ژمارەی دانیشتوانی عێراق بۆ ( ٤٦٥٠٠٠٠٠) دانیشتوو بەرزبۆتەوە، ئینجا پرسیار ئەوەیە ئایا پێگەی پارتەکانی کوردستان دوای ئەو گۆڕانکاری و زیادکردنە چۆن دەبێت؟ لە ڕاستیدا بۆ دەستکەوتنی ئەو وەڵامە ئێمە دەبێت سەرەتا کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دیاری بکەین پاڵپشت بە ژمارەی دانیشتوان، وە ئەوە کارێکی ئاسان نیە، چونکە تاکو ئێستا لەسەر ئاستی پارێزگاکان ژمارەی دانیشتوان ڕانەگەینراوە بەڵکو تەنها لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕاگەینراوە. بۆیە دوای وەرگرتنی داتایی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانەوە لەو قۆناغە تەنیا دەتوانین کورسی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە دروستی دیارییکەین و دواتر بەرکەوتەی هەر پارتێکی سیاسی دەربکەین.




لە سەرەتادا کورسیەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دیاریدەکەین، واتە هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی ژمارەی دانیشتوانی ( 6370638) کەسە، بۆیە بە (٦٤) کورسی دیاریدەکەین، دواتر ئەو کورسیانە بەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دابەشدەکەین بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەک، بەم شێوەیە هەروەک لە خشتەی سەرەوە دیارە کورسیەکان بەسەر پارێزگاکان دابەشکراوە، بەڵام گرفتێکی تری دیاریکردنی کورسی پارێزگاکان لە ئەنجومەنی نوێنەران ژمارە زیادەکانە، بۆ نمونە ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی پارێزگایەک ( ١٥) پانزە ملیۆن بێت ئەوە ( ١٥) کورسی بۆ دادەنرێت، بەڵام ئەگەر زیاتر بوو لە (١٥) پانزە ملیۆن وە نەدەگەیشتە (١٦) شانزە ملیۆن، ئەو کات کورسیەکان (١٥) دەبن یاخود (١٦) ؟ ئێمە بۆ ئەوەی تا ئەندازەیەک نزیک ببینەوە لە ژمارەی دروست ئەگەر ژمارەکە لە ( نیوە) زیاتر بوو بە کورسیەک هەژماری دەکەین بەڵام ئەگەر کەمتربوو هەژماری ناکەیەن بۆ نمونە لە هەولێر (٧٤٧) هەزارە کورسیەک زیادەکەین بەڵام لە دهۆک ( ٣٢٨) لە نیوە کەمترە بۆیە کورسیمان بۆ دانەناوە.

### ٣-٤-١- پێگەی پارتە سیاسیەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دوای سەرژمێری گشتی

دوای دیاریکردنی کورسی پارێزگاکان دەمانەوێت پاڵپشت بە داتایی هەڵبژاردنی (٢٠/ ١٠/ ٢٠٢٤) پەرلەمانی کوردستان کورسی و پێگەی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان دیاریبکەین تەنها لە پارێزگاکانی هەرێم، دوای بەکارهێنانی سیستەمی سانتلیگۆ بۆمان دەرکەوت پشکی قەوارە سیاسیەکان بەمشێوەیەی خوارەوە دەبێت.

**خشتەی ژمارە (١٧) جیاوازی کورسی پارتە کوردستانیەکان لە هەڵنژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دوای زیادکردنی کورسی بازنەکانی پارێزگاکان**

| Governorates Circles | Hawler | | Slulemany | | Duhock | | Total | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Seats | 15 | 25 | 18 | 24 | 11 | 15 | 44 | 64 |
| Democratic party | 9 | 15 | 2 | 2 | 9 | 12 | 20 | 29 |
| Union Kurdistan | 3 | 5 | 8 | 11 | 1 | 1 | 11 | 17 |
| Move New Generation | 3 | 4 | 4 | 6 | 1 | 1 | 8 | 11 |
| Islamic Union | 0 | 1 | 2 | 2 | 1 | 1 | 3 | 4 |
| Justice Group | 0 | 0 | 1 | 2 | 0 | 0 | 1 | 2 |
| Gange's Move | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| Move attitude | 0 | 0 | 1 | 1 | 0 | 0 | 1 | 1 |
| Total | 15 | 25 | 18 | 24 | 11 | 15 | 44 | 64 |

لە ئەنجامی زیادکردنی کورسی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەبینین سودمەندی یەکەم پارتە گەورەکانن بە تایبەت (پارتی دیموکرات) کورسیەکانی لە ( ٢٠) کورسی بەرزدەبنەوە بۆ (٢٩) کورسی، لە دوای ئەو ( یەکێتی نیشتمانی ) دێت کاتێک کورسیەکانی لە ( ١١) کورسی بەرزدەبنەوە بۆ (١٧) کورسی، پاشان قەوارەی نەوەی نوێ کورسیەکانی لە ( ٨) کورسی بەرزدەبنەوە بۆ (١١) کورسی، بەڵام پارتەکانی تر کورسیەکانیان بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد ناکات وەک ( یەکگرتووی ئیسلامی) تەنها بە زیادکردنی کورسیەک سودمەندەبێت، هەرچی قەوارەکانی ترە کورسی لەدەست دەدەن وەک ( کۆمەڵی دادوەری) تەنها (١) کورسی بەدەستدێنێت و کورسیەک کەمدەکات، ( بەرەی هەڵوێست) پارێزگاری لە تاکە کورسیەکەی خۆی دەکات و ( بزوتنەوەی گۆڕان) هیچ کورسی بەدەست ناهێنێت.

لێرەدا بە پێویستی دەبینم ئاماژە بەوە بکەم کە هەڵەبجە بە پێی یاسا ( ئەنجومەنی نوێنەران، ٢٠٢٥، ٧) بوەتە (١٩) هەیەمین پارێزگای عێراق، وە هەر پارێزگایەک بازنەیەکی هەڵبژاردنە، بەڵام بەهۆی تازە بە پارێزگابونی هەڵەبجە یاسادانەری عێراقی نەیتوانیوە وەک بازنەیەکی سەربەخۆ لە یاسای هەڵبژاردن جێگەی بۆ بکاتەوە، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی فیدراڵ ناتوانێت بەبێ هەمواری یاسای هەڵبژاردن ژمارە ( ١٨/ ٢٠١٨) وەک بازنە بیناسێت و هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات، بۆیە بە پێویستی دەزانی لە هەڵبژاردنەکانی دهاتوو وەک پارێزگاکانی تر لە پرۆسەی هەڵبژاردن دابنرێت و لەسەر بنەمای دوا سەرژمێری گشتی کورسی بۆ دیاریبکرێت.

لە لایەکی تر ئەگەر سەیری تێکڕای زیادکردن بکەین دەبینین لەکاتی ئێستادا کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٣٢٠) کورسی گشتیە، بەڵام بە زیادکردنیان بۆ (٤٦٥) کورسی پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئایا لە تێکرا و لەسەر ئاستی عێراق پارتە کوردستانیەکان سودمەندترن یاخود پارتە عێراقیەکانی ناوەراست و باشوری عێراق لەو زیادکردنە ؟

**خشتەی ژمارە (١٨) ڕێژەی سەدی کورسیەکانی پارتە کوردیەکان بەر لە سەرژمێری و دوای سەرژمێری**

| Nu Seats | 320 | Rate | 465 | Rate |
|---|---|---|---|---|
| Kurdish Parties | 44 | 13,75 | 64 | 13,76 |
| Arabic Parties | 276 | 8625 | 401 | 86,23 |
| Rate of Increase | 15,94 | | 15,96 | |
| Total | | %100 | | %100 |

بە وردبونەوە لە خشتەی ژمارە (١٨) بۆمان دەردەکەوێت بە زیادکردنی کورسی لەسەر ئاستی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بە لەبەرچاوگرتنی زیادکردنی کورسی بۆ پارێزگاکان بەهۆی زیادبونی ژمارەی دانیشتوان هیچ گۆڕانکاری لە پێگەی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان دروست ناکات بەرامبەر پارتە سیاسیەکانی ناوەراست و باشوری عێراق کە هەمیشە زۆرینە لە ئەنجومەنی نوێنەران بە بەراورد بە پارتە کانی کوردستان، چونکە کاتێک ئەنجومەنی نوێنەران ( ٣٢٠) کورسیە پارتەکانی کوردستان خاوەنی ( 13,75)، بە هەمان شێوە کاتێک کورسیەکان بەرزدەبنەوە بۆ (٤٦٥) کورسی پارتەکانی کوردستان ڕێژەی ( 13,76) بەردەکەوێت، لە هەمان کاتدا ڕێژەی زیادبونی لە ( 320) کورسی (13,75) بە ڕێژەی نزیک لەوە لە (465) کورسی ڕێژەی زیادبون بریتیە لە (13,76).

### ٣-٤-٢- پێگەی پارتە سیاسیەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پارێزگاکانی ( کەرکوک، نەینەوا، دیالی) دوای سەرژمێری گشتی

دەستکەوتنی داتای دروست و پشت پێبەستراوی سەرژمێری (٢٠، ٢١/ ١١/ ٢٠٢٤) بۆ پارێزگاکانی ( کەرکوک، نەینەوا، دیالی ) کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە تاکو ئێستا داتای کۆتای لە دەستی لایەنە پەیوەندیدارەکانە لە حکومەتی فیدراڵ و ڕادەستی بەرپرسە ئیداریەکانی ئەو شارانەیان نەکردووە بەهۆی ئەوەی کارکردن لە ڕووی زانستی لەسەر ئەو داتایانە تا ئەم کاتە بەردەوامە، بۆیە لە کاتی ئێستادا توێژەر نەیتوانیوە پشت ببەستێت بە داتای پەیوەست بە سەرژمێری بۆ دیاریکردنی کورسی ئەو پارێزگایانە و دواتر دەرخستنی پشکی پارتە کوردستانیەکان لەو پارێزگایانە، بەڵام لەم قۆناغە پشتمان بەست بە پێشبینی وەزارەتی پلاندانانی عێراق بۆ دابەشبونی دانیشتوان بۆ ساڵی (٢٠٢٥) بە گوێرەی یەکەکانی کارگێڕی بۆ ئەو پارێزگایانەی کە بابەتی توێژینەوەی ئێمەن. ( بروانە خشتەی ژمارە ١٩).

**خشتەی ژمارە (١٩) بەرکەوتەی پارتە کوردستانیەکان لە کورسی ئەنجومەنی نوێنەران لە پارێزگاکانی ( کەرکوک، نەینەوا، دیالی) بەر لە سەرژمێری و دوای سەرژمێری**

| Governorates Circles | Karkuk | | Musil | | Dyala | | Total | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Seats | 12 | 17 | 31 | 45 | 14 | 20 | 47 | 82 |
| Democratic party | 2 | 2 | 9 | 8 | 0 | 0 | 11 | 10 |
| Union Kurdistan | 3 | 5 | 1 | 3 | 1 | 1 | 5 | 9 |
| Move New Generation | 1 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Islamic Union | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| Justice Group | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| Gange’s Move | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| Move attitude | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| Total | 6 | 8 | 10 | 11 | 1 | 1 | 17 | 20 |

به وردبونەوە لە خشتەی ژمارە (١٩) دەبینین، زیادبونی کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر ئاستی بازنەی پارێزگاکان لە بەرژەوەندی کورد نیە، چونکە بە گشتی پارتە سیاسیەکانی ناوەڕاست و باشوری وڵات زیاتر سودمەندەبن وەک لە پارتە سیاسیەکانی کوردستان، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە هەریەک لە پارێزگاکانی ( نەینەوا و دیالی) دانیشتوانی عەرەب زۆرینەن و ڕێژەی زیادبونی ژمارەی دانیشتوانیان زۆر زیاترە بە بەراوردکردنیان بە کورد، هەروەها لە پارێزگای ( کەرکوک) هەرچەند لە ڕابردوو پێکهاتەی کورد زیاتر بووە لە پێکهاتەکانی تری وەک عەرەب و تورکمان، بەڵام زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی عەرەب بە تایبەت داوی ڕووداوەکانی ( ١٦) ی ئۆکتۆبەری (٢٠١٧) ئینجا لە ڕێگەی هاوردەکردنیان بێت و نیشتەجێکردنیان بێت لەو شارە یاخود بە ڕێگەی سروشتی بوبێت وەک لەدایک بوون وایکردووە هاوتایی کوردببن یاخود بەرزتربیبنەوە.


پاڵپشت بەو داتایانە بۆمان دەردەکەوێت لە هەڵبژاردنی (٢٠٢١) ئەنجومەنی نوێنەران لە پارێزگای کەرکوک پارتەکانی کوردستان لە کۆی (١٢) کورسی (٦) کورسیان بردووە واتە نیوە، بەڵام پێشبینی دەکرێت بە زیادکردنی کورسیەکانی ئەو بازنەیە بۆ (١٧) کورسی، پارتەکانی کوردستان تەنها (٨) کورسیان بەردەکەوێت، واتە کەمتر لە نیوەی کورسیەکان، کورسیە زیادەکە بە بەراورد بە ئێستا بۆ ( نەوەی نوێ) دەبێت هەرچەند پێکهاتەی تورکمان پیشبرکێی توندی نەوەی نوێ دەبێت بۆ بردنی ئەو کورسیە، ئەوە بۆ قەوارەکانی کوردستان سەرەتاییەکی گونجاو نیە بە تایبەت لە ڕووی نەتەوەییەوە، بۆیە دەبێت کورد پلانێکی ستراتیژی هەبێت بۆ شاری کەرکوک کە بە لایەنی کەمەوە پێکهاتبێت لە دوو برگە، برگەی یەکەم کارکردن لەسەر گەڕاندنەوەی هاوردەکان بۆ پارێزگاکانی خۆیان، هەروەها هاندانی خێزانی کورد لەو شارە بۆ وەچەخستنەوەی زیاتر. لە هەمان کاتدا زۆر گرنگە پارتە کوردستانیەکان لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەران وەک هاوپەیمانی بەشداری بکەن بە شێوەیەک نابێت لە دوو هاوپەیمانی زیاتربێت بە پێچەوانەوە کورد ڕووبەڕووی مەترسی گەورە دەبێتەوە. هەرچی پێکهاتەی عەرەب و تورکمانە پێشبینی دەکرێت ( ٩) کورسیەکەی تر مسۆگەر بکەن لە کۆی (١٧) کورسیەکە، کە لە کاتی ئێستادا خاوەنی ( ٦) کورسین لە کۆی (١٢) کورسی.

**نەخشەی ژمارە (٢٠) پشکی قەوارە کوردستانیەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پارێزگاکانی ( کەرکوک، نەینەوا، دیالی) دوای سەرژمێری ٢٠٢٤**

| Nu Seats | 58 | Rate | 82 | Rate |
|---|---|---|---|---|
| Kurdish Parties | 17 | 29,31 | 22 | 26,82 |
| Arabic Parties | 41 | 70,69 | 60 | 73,18 |
| Total | - | %100 | - | %100 |

وە ئەگەر ڕێژەی سەدی وەربگرین ( بڕوانە خشتەی ژمارە ٢٠)، بۆمان دەردەکەوێت لە کۆی (٥٨) کورسی تەرخانکراو بۆ ئەو پارێزگایانە لە ئەگەری ئێستادا پارتەکانی کوردستان (١٧) کورسیان بەردەکەوێت بە ریژەی (٢٩،٣٠٪) و پارتە عەرەبیەکان (٤١) کورسیان بەردەکەوێت بە ڕێژەی ( ٧٠،٧٠٪)، بەڵام لە ئەگەری زیادکردنی کورسیەکان بە پێی سەرژمێری (٢٠٢٤) پشکی قەوارە کوردستانیەکان لە کۆی ( ٨٢) کورسی بەرزدەبێتەوە بۆ ( ٢٢) کورسی لە کاتێکدا پشکی قەوارە عەرەبەکان زیاتر بەرزدەبێتەوە بۆ ( ٦٠) کورسی. وە بە وەرگرتنی ڕێژەی سەدی بۆمان دەردەکەوێت پشکی قەوارە عەرەبەکان بەزدەبێتەوە لە ( ٧٠،٧٠٪) بۆ (٧٣،١٨٪)، بەڵام پشکی قەوارە کوردستانیەکان نزمدەبێتەوە لە ( ٢٩،٣١٪) بۆ ( ٢٦،٨٢٪)، بۆیە دەبینین لە ئەگەری زیادکردنی کورسیەکان هەرچەند کورسی هەردوو پێکهاتە بەرزدەبێتەوە بەڵام بە ڕێژە قەوارە کوردیەکان بە بەراورد بە عەرەب و تورکمانەکان لەو پارێزگایانە کەمدەکات.

نەخشەی ژمارە (٢١) پشکی قەوارە سیاسیە کوردستانیەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەر لە زیادکردنی کورسیەکان و دوای زیادکردنی کورسیەکان بە پێی سەرژمێری ٢٠٢٤




بە شێوەیەکی گشتی ( بڕوانە خشتەی ژمارە ٢١) پشکی پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەران بەر لە ئەگەری زیادکردنی کورسیەکان بە پێی دەنگەکانیان لە دواین هەڵبژاردنەکان و جێبەجێکردنی سیستەمی سانتلیگۆ ( ٦١) کورسی بووە لە کۆی (٣٢٠) کورسی، وە لە ئەگەری زیادکردنی کورسیەکان بۆ (٤٦٥) کورسی پاڵپشت بە سەرژمێری دانیشتوان ( ٢٠٢٤) ئەو ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە بۆ (٨١) کورسی، بەڵام ئەگەر ڕێژەی سەدی وەربگرین ئەنجامەکان بۆ قەوارە کوردستانیەکان ئەرێنی نین، چونکە لە ئەگەری یەکەم پێگەی کورد لە ئەنجومەن ( ١٩٪) یە، بەڵام لە ئەگەری دووەم ڕێژەی کورد نزمدەبێتەوە بۆ ( ١٧،٤٪)، بۆیە پێشبینی دەکەین بە زیادکردنی کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لەدوای پرۆسەی سەرژمێری پێگەی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەران لاوازتر دەبێت، وە بە دیاریکراوی زیادبونی کورسیەکانی قەوارە عەرەبەکان لە ناوچەکانی کێشە لەسەرەکان بە بەراورد بە قەوارە کوردستانیەکان هۆکارێکی بەرچاوی ئەو کەمبونەوەیە، بۆیە وەک پێشتر ئاماژەمان پێیکرد دەبێت قەوارە کوردستانیەکان پلانێکی تایبەتیان هەبێت بۆ ئەو ناوچانە بە تایبەت بۆ کەرکوک.

**یەکەم: ئەنجام**

1- لەگەڵ زیادبونی ژمارەی دەنگدەرانی کورد، بەڵام بەردەوامی لە سیاسەتی گۆڕین لە سیستەمەکانی هەڵبژاردن لە عێراق و هەرێمی کوردستان کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر کورسی و پێگەی پارتە سیاسیە کوردستانیەکان، هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن پێگە و کاریگەریەکانیان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لاواز بووە بەهۆی ئەوەی کە کورسیەکانیان کەمیکردۆتەوە ( بڕوانە خشتەکانی ژمارە ( ١٣،١٤،١٥).

2- ناجێگیری لە سیستەمەکانی هەڵبژاردن کاریگەری خراپی کردۆتە سەر رەفتاری دەنگدەران، پلان و ستراتیژی پارتە سیاسیەکان، پلاندانان لە دروستکردنی جۆری هاوپەیمانی، ناجێگیری جۆری نوێنەرایەتی لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان.

3- پارتە کوردستانیەکان لە کۆی (٢٧٥) کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدراڵ ( ٧٢) کورسیان هەبوە لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥)، بەڵام بەهۆی گۆڕینی سیستەمی بازنەکانی هەڵبژاردن لە یەک بازنەی بۆ فرە بازنەی و لەگەڵ زیادبونی ژمارەی کورسیەکانی ئەنجومەنی بۆ (٣٢٠) لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠١٠) پێگەیان لاوازتر دەبێت کورسیەکانیان کەمدەبنەوە بۆ (٥٨) کورسی، ڕێژەی نوێنەرانی هاوپەیمانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی )٢٠٠٥) ئەنجومەنی نیشتمانی فیدراڵ ( 29.78%) بوو، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠١٠) نزم بووەوە بۆ (16.10%).

4- گۆڕین و هەموارکردنی سیستەمەکانی هەڵبژاردن لە عێراق بە پێی بەرژەوەندی پارتە باڵادەستەکان بووە نەک بە پێی بەرژەوەندی کۆمەڵگا، وەک جێبەجێکردنی سیستەمی سانتلیگۆ کە کەمتر لە بەرژەوەندی پارتە مامناوەندەکانە، وە بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی پارتە بچوکەکان نیە، بەهۆی هەبوونی زۆرینە لە ئەنجومەنی نوێنەران توانراوە هەر سیستەمێک بە باش بزانرێت پەسەندبکرێت و جێبەجێبکرێت.

5- مەترسیەکی گەورە لەسەر چارەنوسی کوردستانیبونی کەرکوک هەیە و پێشبینی دەکەین دیمۆگرافیای ئەوشارە گۆڕانکاری زیاتری بەسەردابێت لە بەرژەوەندی پێکهاتەی عەرەب بە تایبەت، چونکە ژمارەیەکی زۆر عەرەب هاوردەی ئەوشارە کراوە و پرۆسەی وەچە خستنەوەیان زۆر خێراترە لە پێکهاتەکانی تری وەک تورکان و کورد(بڕوانە خشتەی ژمارە ١١)..

6- بە زیادبونی ژمارەی کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لە (٣٢٠) کورسی بۆ (٤٦٥) کورسی پاڵپشت بە سەرژمێری (٢٠٢٤)، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان کاریگەری نابێت لەسەر لاوازبونی پێگەی پارتە کوردستانیەکان لە ئەنجومەنەکە، بەڵام لە پارێزگاکانی ( کەرکوک، نەینەوا، دیالی) پێگەی پارتە کوردستانیەکان لاوازتر دەبیت. چونکە لەو پارێزگایانە بە وەرگرتنی ڕێژەی سەدی بۆمان دەردەکەوێت پشکی قەوارە عەرەبەکان بەزدەبێتەوە لە ( ٧٠،٧٠٪) بۆ (٧٣،١٨٪)، بەڵام پشکی قەوارە کوردستانیەکان نزمدەبێتەوە لە ( ٢٩،٣١٪) بۆ ( ٢٦،٨٢٪). ( بڕوانە خشتەی ژمارە ٢٠).

**دوووەم: پێشنیار**

1-بەهۆی جیاوازی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری هەرێمی کوردستان لە عێراق پێشنیار دەکەین سیستەمێکی هەڵبژاردنی تایبەت بە هەرێمی کوردستان پیادەبکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

ا- سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی وەک خۆی بمێنێتەوە بەبێ دەستکاریکردن وەک سیستەمی ئاڵوێری دەنگ بۆ کورسی چونکە دادپەروەرترین سیستەمە.

ب- لیستی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان بکرێت بە دوو جۆر، لیستی داخراو تایبەت بێت بە هەڵبژاردنی (٤٠٪) ئەندامانی پەرلەمان، لیستی نیمچکراوە تایبەت بێت بە هەڵبژاردنی ( (٦٠٪) ئەندامانی تر.

ج- تەرخانکردنی ( ٥) کورسی بۆ دروستکردنی یەک بازنەی نیشتمانی لەسەر ئاستی هەرێم جگە لە (٤) چواربازنەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ( پارێزگاکان) بۆ ئەو پارتانەی بەشداری هەڵبژاردنیان کردووە و کورسیان بەدەستنەهێناوە بە مەرجێک (٥٪) دەنگی دەنگدەرانیان هێنابێت، کاندیدی سەربەخۆ بۆی هەبێت پێشبڕکێ لەگەڵ پارتەکان بکات لەو بازنەیە.

2-کۆمیتەیەکی بێلایەن هەبێت سەر بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن تایبەت بێت بە پێداچونەوە بە بازنەکانی هەڵنبژاردن هەم لە ڕووی سنوری بازنەکان و زیادکردنیان هەم لە ڕووی ژمارەی کورسیەکانەوە.

3-شارە گەورەکان دابەشبکرێن بۆ بازنەی بچوکتر بە تایبەت شارەکانی وەک بغداد و بەسرە و نەینەوا و هەولێر.

4-پارتە کوردستانیەکان پێویستە لە پارێزگاکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەت (کەرکوک، نەینەوا، دیالی) بە یەک لیست و هاوپەیمانی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن، بۆ ئەوەی پارێزگاری بکەن لە پاراستنی پێگەی ڕابردوویان (بڕوانە خشتەی ژمارە ١١).

5-پێویستە یاسادانەری عێراقی لە خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەران، یاسای هەڵبژاردن هەمواربکاتەوە، ژمارەی کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگاکان بە پێی دوا سەرژمێری بگونجێنێت لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان وڵات، هەروەها پارێزگای هەڵەبجە وەک بازنەیەکی نوێی هەڵبژاردن دیاریبکات و پاڵپشت بە ژمارەی دانیشتوانی کورسی بۆ دیاریبکات.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم/ سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی


- اسماعيل، عصام نعمة. (2011)، النظم الانتخابية، زين الحقوقية، بيروت، لبنان
- رينولدز والأخرون، أندرو (2007)، أنواع النظم الانتخابية، مؤسسة موكرياني، أربيل
- زين الدين، بلال أمين، ( 2013) النظم الانتخابية المعاصرة، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، مصر.
- الشاوي، منذر. (2007) النظرية العامة في الثانون الدستوري،
- البرزنجي، سرهنك حميد. ( 2021)، المرجع في الانتخابات تنظيرا وتطبيقا، الكتاب الأول، الأسس النظرية للانتخابات، منشورات زين الحقوقية، بيروتو لبنان.
- الحوراني والأخرون، هاني. (1995)، الأنظمة الانتخابية المعاصرة، دار سندباد للنشر، عمان، الأردن.
- صبري، السيد. (1986)، مبادئ القانون الدستوري، مكتبة عبدالله وهبة، الطبعة الثانية، القاهرة.
- سعد واخرون، عبدو. (2005)، النظم الانتخابية، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت.
- علي، مريوان عارف. (2021)، المرجع في ترسيم الدوائر الانتخابية، مكتبة رينوين، سليمانية.
- الباز، داود. (2006)، حق المشاركة في الحياة السياسية، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية.
- عبدالله، عبدالغني بسيوني.( 1985)، النظم السياسية، الدولة، الحكومة، الحقوق والحريات العامة، الدار الجامعية، بيروت، لبنان


#### دووەم/ سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


- عبدالله، خامۆش عمر (2016)، چوارچێوەی یاسایی و دەستوری هەڵبژاردن، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- جمال، أ.و محەمەد، د. (2014)، سیستەمەکانی هەڵبژاردن و شێوازی دابەشکردنی کورسی، پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، سلێمانی.
- حسن، چواس. (2007)، سیستەمەکانی هەڵبژاردن و پێوەرەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێگەر، هەولێر، مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی ( پ. د. ک) .
- عبدالغفور، ئارام نجم الدين. (٢٠٢١)، بەڕێوەچونی پرۆسەی هەڵبژاردن بە کردەی، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدين، هەولێر
- بارزانی، مسعود. (٢٠٢٢)، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی پێنجەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، کوردستان.
- مستەفا، سلێمان حەسەن (٢٠١٧)، کوردو یەکەم ئەزمون، چاپخانەی کارۆ، کوردستان.
- خورماڵی، ئیسماعیل حمە علی. ( ٢٠٢٢)، هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ ٢٠٢١.


### سێیەم/ سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:


- Baldini, B & Pappalardo, A. 2009, Elections And Electoral Systems and volatile voters, Palgrave Macmillan.
- Johnson, Dennis. W and B, Lara M. 2018, Routledge, New York, United States.
- Blodget, J and Lofy Bill. 2008, Winning Your Election, University of Minnesota Press, London.
- Mohsen, k. 2015, Election under Jordanian Legal Electoral System a Comparative Study (Jordan, Britain, Germany), International Journal Of humanities and Social, Vol. 5, No. 2, February.

**سێیەم/ نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرای زانکۆی:**

-عبدالغفور، ئارام نجم الدين. (2019)، دور المحاكم العليا في حل المنازعات الانتخابية النيابة، كلية القانون، جامعة صلاح الدين.

**چوارەم/ دەستوری وڵاتان و یاساکان و ڕێنماییەکان:**

- دەستوری هەمیشەی عێراقی فیدڕاڵ (٢٠٠٥)
- یاسای ژمارە (١)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)
- یاسای ژمارە (٩٦) ی هەڵبژاردن بۆ ساڵی ( ٢٠٠٤)
- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (١٦)ی ساڵی (2005)
- یاسای ژمارە (٢٦) ساڵی ( ٢٠٠٩) یاسایی هەمواری یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥)
- یاسای ژمارە (١) ساڵی ( ٢٠١٨) هەمواری یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (٤٥)ی ساڵی (٢٠١٣)
- یاسای ژمارە (١) ساڵی ( ٢٠١٨) هەمواری یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (٤٥)ی ساڵی (٢٠١٣)
- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (٤٥)ی ساڵی (٢٠١٣)
- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەاران و ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزایەکانی عێراق ژمارە (١٢) ساڵی (٢٠١٨)ی هەموارکراو.
- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٢٠)
- یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ژمارە (٣١) ساڵی (٢٠١٩).
- یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٤).
- یاسای هێنانەکایەوەی پارێزگای هەڵەبجە ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٢٥).
- فەرمانی پۆل بریمر ژمارە (٩٦) ی ساڵی (٢٠٠٤) ی تایبەت بە یاسای هەڵبژاردن.

**چوارەم/ بڕیارەکانی دادگا:**

- بڕیاری دادگای فیدڕاڵی ژمارە ( ٨٣/ فیدرال/ ٢٠٢٣)
- بڕیاری دادگای فیدڕاڵی ژمارە ( ٧٣/ فیدرال/ ٢٠٢٣)

**شەشەم/ پێگە ئەلیکترۆنیەکان:**

- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق/ ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران (٢٠٢١) https://ihec.iq/the-results-of-the-parliament-elections-2021/ ، مێژووی سەردانیکردن ٢٠٢٥/١/١٢
- ماڵپەڕی ئەلیکرۆنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق/ ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان (٢٠٢٣) https://ihec.iq/29239-2/
- ماڵپەڕی ئەلیکرۆنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق/ ئەنجامەکانی پەڕلەمانی کوردستان ٢٠٢٤ https://ihec.iq/kurdistan-final-results/
- ماڵپەری ئةليکترۆنی ئەسێ www.ace.org ، مێژووی سەردانیکردن ٢٠٢٤/١٢/٢٤ .

**پێنجەم/ دیمانە:**

- محی الدين، سيراون محمد. (٢٠٢٥)، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان. سەرژمێری گشتی دانیشتوان و ئاڤاهیا لە عێراق.
- ڕەشید، سەربەست مستەفا. ( ٢٠٢٥)، سەرۆکی پێشوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق
- ابراهیم، جەعفەر. ( ٢٠٢٥)، بەرپرسی بەشی هەڵبژاردنی ( پارتی دیموکراتی کوردستان/ عێراق)
- چەتۆ، هۆگر. ( ٢٠٢٥)، سەرۆکی تۆڕی ڕێکخراوی شەمس.

**تأثير النظم الانتخابية على مكانة الأحزاب السياسية في المجالس النيابية ( دراسة تحليلية مقارنة)**

**ئارام نجم الدين عبدالغفور**
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
arambradosty@khec.krd

**الملخص**
للأنظمة الانتخابية تأثير كبير على مكانة الأحزاب السياسية الكردستانية في المجالس المنتخبة، مجلس النواب العراقي، برلمان كوردستان، ومجالس المحافظات، حيث تعتبر هذه الأنظمة بمثابة العمود الفقري لأية انتخابات، لذا فإن اقتراحها وإقرارها في إطار القوانين الانتخابية مهمة وظيفية حساسة ودقيقة وغاية في الأهمية. وتختلف نوعية الأنظمة من بلد إلى آخر حسب الظروف التاريخية والسياسية والاجتماعية حيث استقرت هذه الأنظمة إلى حد كبير في الدول المتقدمة ديمقراطيا، واعتاد عليها شركاء العملية الانتخابية وارتبطوا ببعضهم البعض، ولكن هذه الأنظمة غير مستقرة وتتغير باستمرار في الدول التي تمر بمرحلة إنتقالية، وهذا التغيير يتسبب في عدم الاستقرار في نتائج العملية الانتخابية والعكس صحيح، ويعتبر عراق ما بعد (2003) احدى الدول التي تمت فيها تنفيذ ستة (6) أنواع من الأنظمة الانتخابية مع تعديلاتها خلال (20) عاما. وكان لهذا التغيير والتعديل في النظم الانتخابية تأثير سلبي على موقف ومكانة الأحزاب السياسية في كردستان مقارنة بالأحزاب السياسية العربية العراقية ، حيث نلاحظ هذه النتيجة السلبية في انتخابات بعد أخرى، وخاصة في مجلس النواب العراقي. ويلاحظ هذا التأثير أيضا في برلمان كردستان، ولكن بدرجة أقل بسبب قلة التغييرات في الأنظمة الانتخابية في الاقليم من ناحية، ومن ناحية أخرى، تفهم الأحزاب والقيادات الكردية للتعايش التعددي والقومي والديني في الاقليم.

**الكلمات المفتاحية:**النظم الانتخابية، التمثيل النسبي، الأغلبية، التحالف السياسي، استقرار الحكومة

**The Impact of Electoral Systems on the Position of Political Parties in the Parliament
(A Comparative Analytical Study)**

**Aram Najmadeen Abdulghafoor**
Independent High Electoral Commission Organization
arambradosty@khec.krd

**Abstract**
Electoral systems have a great impact on the position of Kurdistan political parties in the elected councils (the Iraqi Council of Representatives, the Kurdistan Parliament, and the Provincial Councils). These systems are considered the backbone of any election; therefore, proposing and approving them within the framework of electoral laws is a very sensitive, precise, and important task .
The existence of each of these systems in a country differs from another, depending on its historical, political or social milieu. In developed countries, these systems are stabilized to a great extent, and each of them and it partners in the electoral process have become accustomed to it and have been connected to each other. While in countries that are in a transitional phase, such electoral systems are instable and are under constant changes, where such changes lead to the instability of results of the election processes, and the other way round. In the Post-Saddam era since 2003, Iraq has in the last twenty years adopted six electoral systems, including amended systems. Those changes and amendments of the electoral systems have impacted negatively on the position of Kurdistan political parties among the Iraqi Arab Political Parties in subsequent elections, especially in the Iraqi Council of Representatives (CoR). Such impact is similarly felt in the Kurdistan Parliament, but to a lesser degree for two reasons: fewer changes have been made to the electoral systems in Kurdistan Region of Iraq-KRI, and secondly, the tolerance of the Kurdistan political parties towards (ethnic and religious) coexistence and diversity (Pluralism).
**Key words**: electoral systems, proportional representation, majority, political alliance, government stability